# جەنگی خاچپەرستان و
# بانگەشەی
# رزگارکردنی ئافرەت

نووسینی دکتۆر
سفر الحوالي

وەرگێڕانی
سەلاح ستار

چاپی یەکەم
١٤٢٧ - ٢٠٠٧
پێداچوونەوەو نووسینی
پێشەکی و ئامادەکردنی بۆ چاپ
مەلا ئەحمەدی شەریعە

کۆمەڵنیوز
www.komalnews.net



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کۆمەڵنیووز
www.komalnews.net

## بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

### پێشەکی

سوپاس و ستایشی بێ پایان و نەبڕاوە، هەمیشەو بەردەوام بۆ پەروەردگاری بوونەوەرو خاوەنی تەواوی بەهرەکان، سەڵات و سەلام لەسەر گیانی پاك وبێگەردو پیرۆزی موحەممەدی کوڕی عەبدوڵڵای هاشمی پێغەمبەری ئیسلام، سەلامی خوا لە هەموو شوێن کەوتوانی ئەم دینە پیرۆزو بێگەردە.

کاتێك پەروەردگار یەکەم ڕەگەزی نێرینەی ئادەمیزادی لە پەیکەری ئادەم دا دروست کردو گیانی بە بەردا کرد، ئادەم (سەلامی خوای لێ بێ) لە یەکەم هەنگاوی ژیانیدا بۆی دەرکەوت کە بەبێ هاوسەرو ڕەگەزی بەرامبەر ژیانی بەردەوام نابێ ئەگەر هەزارساڵیش تەمەنی هەبێ، کاتێك خوا بەئادەمی سەلماند بەبێ ڕەگەزی مێینە ژیانی لە دەستدەچێ و وەچاخ کوێرو دوابڕاو دەبێت، ئینجا هاوسەری گونجاوی بۆ خولقاندو ئادەمیش (سەلامی خوای لێ بێ) بە بینینی هاوسەرەکەی کەیفخۆش بوو، دڵی لە کۆستی غەریبی رزگار بوو. لەو کاتەوە ئافرەتان بوونە دایکی سەرجەم پێغەمبەران و زانایان و پیاوچاکان



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

تەواوی ئادەمیزادەکان، بوونە کارخانەی بەرهەمهێنانی ئادەمیزاد، خوای پەروەردگار ئەو ڕێزە گەورەی لێگرت و ئەو پلە بەرزەی پێبەخشی، سورەتی قورئانی بە ناوەوە کرد، کە ڕۆژانە ملیۆنەها موسڵمان دەیخوێننەوەو سەدان هەزار موسڵمان لە بەریان کردوەو لە سنگیاندا دەی پارێزن، ڕێزو پلەی دایکایەتی پێبەخشی کە ڕێز لێگرتنیو خزمەتکردنیو گوێڕایەڵی کردنی ڕاستەوخۆ لە دوای پەرستی خودایە، ئافرەتی کردە ئایەتو نیشانەی دەسەلاتی خۆی، هەرچۆن ئاسمانەکانو زەویو ئەستێرەو مانگو خۆرو شاخو داخی کردە نیشانەی دەسەلاتی خۆی. بەڵکو زۆر لەوانەش بالاترو گەورەتر ناوی ئافرەتان بووە سورەتی قورئان، کە هەمیشەو هەرگیزا و هەرگیز هەر دەمێنێتەوەو تاکە پیتێکی لە ناو ناچێ و دەستکاری ناکرێ.

بوونەوەر بە تەواوی کەهکەشانو خۆرو مانگو ئەستێرەو زەویو دەریاو شاخو چیاکان لە ناودەچنو تێکدەچن، بەلام سورەتی (النساء) هەروەکو خۆی دەمێنێتەوەو لە هەموو بوونەوەر بەهێزترەو تاکە پیتێکی ناژاکێ.

کۆمەڵنیوز
www.komalnews.net



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پێغەمبەری خوا دەفەرموێت: "الدنيا متاع وخير متاعها المرأة الصالحة". واتە: جیهان هەمووی بەهرەو مایەی خۆشگوزەرانیە چاکترین بەهرە مایەی خۆشگوزەرانی بێت ئافرەتی چاکە. هەروەها دەفەرموێت بۆنی خۆش و ئافرەتم لە تەواوی دونیای ئێوە پێخۆشترە.

لە ئیسلامدا ئافرەتان دایکی هەر دوو ڕەگەزی نێرو مێیەو دایکی تەواوی پێغەمبەرانو ناودارانو زانایانو دانایانو چاکەخوازانو سەرداری گەلانن.

ئافرەتان مایەی خۆشبەختیو سەروەری ژیانی دونیاو دوارۆژنو گەورەترین بەهرەی بەهەشتن. لە نوخشەو پێشەنگی بەهرەکانی بەهەشتە خوا باسی ئافرەتی کردوە، چونکە هەموو بەهرەکان بەبێ هاوبەشی ژیانو بەبێ چاکترینو خۆشترینو سەنگینترین بەهرەی ژیانی دونیا چێژو لە زەتیان نیە. ئەگەر بەهرەکانی بەهەشت بەگوڵو گوڵزارو دارو درەختو کانیو ئاو ناو براون، ئافرەتانی بەهەشت بە حۆریو دوڕڕو یاقوتو گەوهەرو تەلای ناو سەدەف ناوبراون.

کۆتا وەسیەتو ئامۆژگاری پێغەمبەر (سەلاتو سەلامی خوای لە سەر بێت) بەر لە دونیا دەرچونی دەربارەی نوێژو ئافرەت بوو.

کۆمەڵنیوز
www.komalnews.net



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەمەش باسکرا دلۆپێکە لە دەریا. بۆیە دوژمنانی ئیسلام هەرکات ویستبێتیان موسڵمانان لە خشتەبەرن و لە بەرنامەکەیان دووریان خەنەوە، لە ڕێگەی ئافرەتەوە پیلانیان گێڕاوەو دەستیان وەشاندوە. ئەگەر ورد بینەوە یەکەم هەنگاوی دوژمنکاری شەیتان لە ڕێگەی ئادەم و حەواوە بوو، کە سزاکەی سفووری ڕووتبونەوە بوو "فبدت لهما سؤاتهما". عەورەت و شەرمیان دەرکەوت، کاتێ بێفەرمانی خوایان کرد.

بە درێژایی مێژوو دوژمنانی خواو دینە ئاسمانییەکان ئافرەتیان کردۆتە نیشانەو تیری ژەهراوی خۆیان ئاراستە کردوە، بەردەوام لە هەوڵدا بوون، کە ئافرەت بکەنە کاڵایەکی هەرزانبەهاو دەستاودەستی پێبکرێ و لە جیهانی خیانەت و بە دڕەوشتیی و داگیرکاریدا هەرزان فرۆشی بکەن. یەکێکیان دەڵێ بە سەر موسڵماناندا زاڵ نابین هەتا سەرپۆشی سەری ئافرەتەکانیان لێ نەکەینەوەو لە قورئانی نەئاڵێنین. ئەوی تریان دەڵێ قوتابخانەیەکی تێکەڵ لە هەزاران تۆپ و تەیارە کاریگەرترە بۆ ڕووخاندنی ئوممەتی موحەممەد.

دوژمنانی مرۆڤایەتی هەوڵ ئەدەن ئافرەتان بێنرخ و بێڕێزو بێکەسایەتی بن و وەکو پەرداخ و پێکی ئارەق

کۆمەڵنیوز
www.komalnews.net



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

خواردنەوە هەر کاتەی بە دەستی سەرخۆشێکی مەستو بێئاگاو بێهەستەوە بنو هەموو ئەوەی مرۆڤایەتیان بێ لە خشتەبەرن هەتا گەنجو جەوانو لاون پێشبڕکێی شاجوای جیهانیو نێودەوڵەتیو ناوچەییو هۆزو گەلو حیزبیان بۆ دەکەنەوە بەرگو پۆشاکیان پێ تاقی دەکەنەوە، وێنەیان لە سابونو جلوبەرگ و کەلوپەلی ناومالو پێلاوو ناوکەفو گۆرەویو پۆشاکی ژێرەوەو قۆریو پیاڵەو مەسینەو کوتاڵەوە هەڵدەواسنو مەلەوانگەی تێکەلو هەڵپەڕکێو کۆڕیو گۆرانی بێژانی پێ جۆش ئەدەنو مەستو سەرخۆشو بێهۆشی دەکەن، خۆشیو خەڵکیشی پێ لە خشتە دەبەنو شانۆگەریو چیرۆکی فلیمی سینەماییو بەرەلاییو بەدڕەوشتیو بێڕەوشتیو ڕووتو ئاژەڵبازاڕی پێدەردەکەن، دواتریش کە پەکی کەوت، یان تووشی کەم ئەندامی، یان پیری، یان نەخۆشی بوو، هەر ناشی ناسنو بە پولێکی قەڵبیش نایانەوێو دەبێ لە پەنا دیوارێکدا، یان لە خەڵوەتگای پیراندا، یان ژورێکی بێنازو بێکەسدا تالاوی کۆتایی ژیانی بە سەربەرێت کام ژیانە ئەو ژیانەی خیانەتی پێ لەبەرەی ئادەمیزادو هاونیشتیمانی و نەوەی دواڕۆژیش کردووە.



کۆمەڵنیوز
www.komalnews.net

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەو ژیانەی پڕی کردووە لە نەخۆشیو میکرۆبو دەردو پەتاو ئایدزو سەدانو هەزاران نەخۆشی کوشندەو سەرەتان دەردی درێژخایەنو بێچارەسەری کردۆتە خەلاَتی ئەو مرۆڤانەی هاوبەشی ژیانی بوون لەسەر گۆی ئەم زەویە لە جێی سود پێگەیاندن.

ئەو لەشفرۆشیو شەرەف فرۆشیەی ئەنجامەکەی ئەو هەموو کوشتارە بیَ ژمارەیەیە کە بە ملیۆنەها ملیۆن مەزەندە ناکرێن چەند ملیۆن منالَی بیَ تاوان توشی ئایدزو نەخۆشی کوشندەو درێژ خایەنو بیَ چارەسەر بوون، چەند ملیۆن ژنو پیاو لە گەنجو پیر تووشی ئەو دەردو نەخۆشیانە هاتوونو مەرگ بەئاوات دەخوازنو هەرچی شك دەبەن دەیدەنە یەك دەرزی زەهرو، کە خۆیانی پێئاسودە دەکەن.

بەرهەمی ئەو بەرەلاَییو بەدڕەوشتیە ئەو هەموو خۆ کوژیو خەلَك کوژیو بێبەزەییو دلَڕەقیەیە، کە بەرازو دڕندە بێزی لیَ دەکەن، لە ئەنجامی دوورکەوتنەوەی ئافرەتە لە ڕەوشتو دابو نەریتو کردارو ڕەفتاری دینە ئاسمانییەکانو لە پێشەنگی هەموویانەوە دینی ئیسلام.

ئافرەتیان لە مالَ هێنایەدەر بەناوی کارکردن، بەناوی خاوەنداریەتی بەناوی ئازادیو سەربەستیو یەکسانی لە



کۆمەڵنیوز www.komalnews.net

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ژێر ناوی ڕزگار کردن لە کۆتی مێردو هاوسەرو خێزان‌و کۆمەڵگەو دین‌و ڕەوشت‌و داب‌و نەریتی مرۆڤانە.

هەتا لە ڕێگەی ئافرەتەوە کوشندەترین گورزیان لە تەواوی مرۆڤایەتی وەشاند.

مرۆڤخۆرەکان ئافرەتیان کردە چەکی دەستیان‌و لە ڕێگەی ئەوانەوە تەواوی مرۆڤایەتیان تەنانەت خۆشیان خستە ناو زەلکاوی کوێرەوەریی‌و تاڵاوی ژیانیان پێچەشتن‌و دواتر هەر ئەو ئافرەتانەشیان خستە ناو کڵپەی ئەو ئاگرەوە، کە بەدەستی خۆیان پێیان داگیرساندبوون، وەکو تێڵاّی کابراکە شەڕەکەی پێکردو لە دوایشدا تێڵاّکەشی خستەناو ئاگرەکەوەو سوتاندی.

لە کۆتایدا دەڵێم ئەگەر ئافرەتانی جیهان چاك پەروەردە بکرێن هەموو دونیا چاك دەبێت بەڕاستی ڕێزو ئاستی هەموو گەلێك بە ئاستی ئافرەتەکانی دیاری دەکرێت.

**احمد صالح**

**ناسراو بە مەلا ئەحمەدی شەریعە**

**پێشنوێژ لە مزگەوتی ئەزمەڕ لە سلێمانی.**

کۆمەڵنیوز
www.komalnews.net



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**پوختەی ئەم بابەتە:**

بەڕاستی ئافرەت کۆڵەکەی پتەوی کۆمەڵگایە، پایەیەکی سەرەکییە لە دروستکردن و پتەوکردنی بنەماکانیدا، دایك قوتابخانەیەکەو نەوەی دەستپاك و ئەمین و جوامێر بۆ نەتەوەکەی پەروەردە دەکات، پەروەردەکەری نەوەیەکە کە پلەو پایەو شان و شکۆی ئوممەتەکەی بەرز دەکاتەوە.

جا کاتێك دوژمنانی خواو دوژمنانی دینەکەی ئەمەیانزانی ـ لەبەر بێتواناییان لە لەناوبردنی موسڵمانان لە بواری سەربازییدا ـ هەموو هەوڵ و کۆششیان خستەکار بۆ فاسیدبوون و لەباربردنی کۆمەڵگەی موسڵمان، ئەویش بە خراپکردنی ئافرەتان، بانگەشەیان کرد کە دەبێت ئافرەتان لە ماڵ بڕۆنە دەرەوە بۆ سەرکار، واز لە پەروەردەو قوتابخانەی ماڵەوە بێنن، ئیتر ئەوەی نەیانتوانی بەشێوەی سەربازی تێیدا سەرکەوتووبن لەوەدا سەرکەوتنیان بەدەستهێناو لەناو ماڵەکانی خۆماندا تەڵەیان نایەوەو ئافرەتانی موسڵمانیان لە ماڵ هێنایە دەرەوەو لەکاری سروشتی خۆیانیان کردن.

کۆمەڵنیوز www.komalnews.net



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

### ١- پیلان و فرت و فێڵی کافران دژی موسڵمان پەیڕەوێکی نەگۆڕو هەمیشەییە.

خوای گەورە دەفەرمووێت: "وَلَن تَرْضَى عَنكَ الْيَهُودُ وَلاَ النَّصَارَى حَتَّى تَتَّبِعَ مِلَّتَهُمْ". (البقرة: ١٢٠). هەروەها دەفەرمووێت: "وَلاَ يَزَالُونَ يُقَاتِلُونَكُمْ حَتَّىَ يَرُدُّوكُمْ عَن دِينِكُمْ إِنِ اسْتَطَاعُواْ". (البقرة: ٢١٧). هەروەها دەفەرمووێت: "وَدُّواْ لَوْ تَكْفُرُونَ كَمَا كَفَرُواْ فَتَكُونُونَ سَوَاء". (النساء: ٨٩). ئەم ئایەتانە بەڕوونی دەری دەخەن کە دژایەتی خاوەنانی کتێب (أهل الكتاب) گوێرەکە پەرستانی جوولەکە، خاچپەرستانی گاور؟، دژایەتیکردنی دووڕووەکانی خۆیان خزاندۆتە ناو ئەم ئوممەتەو لەناو هەناوی ئەم ئوممەتەدان، بەڵام لە دڵەوە لەگەڵیانن و پشتگیرییان دەکەن، بەڵگەنەویستەو هەرکەسێك لەگەڵ قورئانی پیرۆزو سوننەتی پیغەمبەردا ئاشنایی هەبێت پەی پێدەبات و لای شاراوە نابێت.

ئەم دژایەتیە ڕقن و دژوارو تاوانکاریەش سەرچاوەکەی شەیتانی نەفرەتلێکراوە کە هەمیشە پاڵیان پێوە دەنێت و پشتی دۆستانی خۆی دەگرێت، پاڵنەریانە بۆ دژایەتیکردنی هەق، هەمیشە دژو پێچەوانەیە بەهەق و ڕاستی، هەرچەندە ئەهلی هەق بێئاگاش بن لێیان و چاو



کۆمەڵنیوز
www.komalnews.net

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لە دژایەتیکردنی ناهەق و ناڕەوا بپۆشن، ئەوانە گوێیان لەوە نیەو هەمیشە لە نەخشەو کاری بەردەوامی خۆیاندان، کۆششیان بێوچانە بۆ لەناوبردن و ڕیشەکێشکردنی ئەم ئایینەو شوێنکەوتوانی، شەیتان و بەردەستەکانی هەندێکیان نیگا بۆ ئەوی تریان دەکەن و لە کۆمەکی یەکدان بۆ چرکەساتیکیش بێت واز لە دژایەتیکردن و فرت و فێڵ ناهێنن دژ بەو ئایینەو هەڵگرانی، هەرچیەك لە توانایاندا بێت لە هۆکار بەکاری دێنن و دەیخەنە خزمەت ئەم مەبەستەیانەوە.

لە گەورەترینی ئەو فێڵ و تەڵەکانەش ئەوە بوو کە بەرامبەر پێغەمبەری ئیسلام (ﷺ) کردیان کە لە سەرەتای ئەم بانگەوازەوە تووشی هات و خستیانە ڕێی، ئەوەبوو هاوبەشدانەران و جوولەکە پاڵپشت و یارمەتیدەریی یەکتریان کرد لە دژی، شەو ڕۆژیان خستبووە سەر یەك تاکو ڕووناکی ئەم ئایینە خامۆش بکەن و لەناوی بەرن، پاشان گاورەکان و فارس و ڕۆمەکانیش هاتنەڕیزەوە، هەموویان بە گشتیی یارمەتیدەری یەکتر بوون بۆ کوژاندنەوەی ڕووناکی و دەرپەڕاندن و لەباربردنی بانگەوازی ئیسلام هەر لە بێشکەدا پێش ئەوەی ببێتە هێزێکی گەورەی لە بن



کۆمەڵنیوز
www.komalnews.net

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

نەهاتوو، پاشانیش نەوە لە دوای نەوە شوێنکەوتوانی ناهەق هەمیشە و بەردەوام لە هەوڵدا بوون بۆ فاسیدو خراپکردنی ئەم ئوممەتەو وێڵ کردنی لەم ئایینە پیرۆزو گەورەیە، ململانێی نێوان کوفرو باوەڕ، هەق و ناهەق، ڕاستی و ناڕاستی، هەمیشە بەردەوامەو هەتا بەرپابوونی قیامەت درێژەی هەیەو کۆتایی نایەت، تاکو لەپێش هاتنی قیامەتدا لە ژێر هەشتا ئالآدا ڕۆمەکان هێرش دەکەنە سەرمان و غەزوومان دەکەن، کە لە ژێر هەر ئالآیەکدا هەشتا هەزار کۆدەبنەوە.

جەنگی نێوان هەق و ناهەق هەر بەردەوامە تاکو ئەو کاتەی خوا فەرمان دەدات و زەوی و ئەوەی لەسەریەتی دەیباتەوە، ئەم جەنگە لە ڕابووردودا شێوەی بەرەنگاربوونەوەو پێکدادانی سەربازی لەخۆگرتبوو، دوژمنانی خوا لە سەرەتادا گومانیان وابوو کە ئەم ئوممەتە ڕووداو و دیاردەیەکی مێژوویيەو بە هەڕەشەو گوڕەشەیەك تەواو دەبێت و لەناو دەچێت، حاڵی ئەمیش وەك حاڵی گەل و نەتەوەو ژیارەکانی ڕابرووردووەو ماوەیەکەو کپ دەبێتەوەو دەپوکێتەوە، بەڵام ڕاستی و حەقیقەتی هەرە گەورە کە لە ئاستیا واقیان وڕماو تووشی نەهامەتیی کردن بەردەوامی و هەمیشەیی ئەم ئایینە



کۆمەڵنیوز
www.komalnews.net

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بوو، کە خوا خۆی کەفالەتی پاراستن و لەناونەچوونی کردووە، زاڵبوونی بەسەر هەموو ئایینەکاندا بەڵگەنەویستە، هەرچەند بێباوەڕان پێشیان ناخۆش بێ، ئەمەش وای لێکردن بیر لە هۆکارو شێوازێکی تر بکەنەوەو پەیڕەوێکی تر بگرنە بەر بۆ دژایەتی و ڕیشەکێشکردنی.

لەگەڵ ئەوەدا کە ئەم جەنگە لە هیچ ڕوویەکیەوە کۆتایی پێنەهاتووەو هێشتا هەر بەردەوامە، بەڵام یەکەم نەخشەو پلانی ڕاستەقینەی جەنگ و لەشکرکێشیە بۆ سەر ئیسلام، ئەوەبوو کە لویسی حەوتەم نووسی، ئەو سەرکردە خاچپەرستەی کە پاشای فەڕەنسا بوو، سەرکردەی هێزی خاچپەرستان بوو دژی جیهانی ئیسلامی ئەو کاتە، لەگەڵ هێزی لەبن نەهاتوو لە چەك و جەنگاوەر و کەلوپەلی بێ ژمارە، بەڵام بە خراپترین شێوە ڕووخاو شکستی هێناو خۆشی بە دیلیی کەوتە دەستی موسڵمانان، ئیتر لێرەوەو لە بەندیخانەکەیەوە زۆر بە وردی بیری لەوە دەکردەوە کە نهێنی هێزی موسڵمانەکان لە چیدایە؟، بۆچی لە هەموو بەرەو ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سەربازییدا دەیبەنەوەو هێزی بەرامبەریشیان دەشکێن؟ چ هێزێکە پاڵ بەمانەوە دەنێت بەمشێوەیە بجەنگن و گیان



کۆمەڵنیوز
www.komalnews.net

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەخت بکەن؟ پاش بیرکردنەوەو لێکۆڵینەوەی زۆر گەیشتە ئەو دەرەنجام و قەناعەتەی کە هۆی سەرەکی هێزوتواناو سەرکەوتنیان پابەندبوون و وابەستەیی موسڵمانەکانە بە ئایینەکەیانەوە.

ئـیتر لێـرەوە لویسـی حەوتـەم کەوتـە نووسـینی یاداشـتەکانی، کـە کورتـەو پوختەکـەی ئەوەیـە، بـۆ لەناوبردنی موسڵمانان و سەرکەوتن بەسەریاندا پێویستە ناوخۆیان برووخێنرێت و لە ناوەوەدا کاریان تێبکرێت، لەناو هەناوی خۆیاندا دوژمنیان بۆ پەیدا بکەین و پوازیان لە خۆیان بۆ دروست بکەن، ئەویش بە دوورخستنەوەیان لـە ئایینەکـەیان، ئایینەکـەیان لـە واقیعـی ژیانیـان بپچڕێنرێت، هـیچ پەیوەندییـەکی بـە ژیانـەوە نـەمێنێت، ئەوسا گەلێکی بێدین و بێهێزو توانا دەبن و زۆر بە ئاسانی دەتوانین زاڵ و سەرکەوتوو بین بە سەریاندا....

لـە ڕاسـتیدا ئـەو درۆزنـە فێڵبـازە پێکـابووی، هـۆی سـەرکەوتنی موسـڵمانان پابەندبوونیانـە بـە ئایینەکەیانـەوە، وەك (أبوالـدرداء) خـوای لـێ ڕازی بێـت دەفـەرمووێت: "ألا عمـل صـالح قبـل الغـزو فـأنكم إنمـا تنصرون بأعمالكم". واتـە: وریـابن کردەوەی باش پـێش جەنگ و هێرش بردن، چونکە بە ڕاستیی ئێوە تەنها بە



کۆمەڵنیوز
www.komalnews.net
PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کردەوەکانتــان ســەردەکەون. هــەروەك عومــەر (خــوا لێــی ڕازی بێت) بە سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس دەڵێت: "إتق الله ومــن معــك مــن المســلمين، فإنمــا ينصــر المســلمون بمعصية عدوهم وبطاعتهم لـه، فإذا استوينا نحن وهـم في المعصية كان الفضل لهم علينا في القوة". واتە: خۆت و ئـەو مسـوڵمانانەی لەگـەڵتان لـە خـوا بترسـن، چـونکە بـە ڕاستی موسڵمانان تـەنها بە گوێڕایـەڵی خـواو سەرپێچـی دوژمنـەکانیان لـە فرمـانی خـوا سـەردەکەون، جا ئەگـەر ئێمەو ئەوان لە تاواندا یەکسان بووین، ئەوکاتـە لـە هێـزو بازودا لە ئێمە بەهێزترن و ئەوان سەردەکەون.

بـا سـەدەو ڕووداوەکـان بـەجێ بـێڵین و ڕابـووردوو واز لێبێـنین، بێینــە ســەر ئــەمڕۆی خۆمــان و بــزانین چــۆن ڕاسپاردەی ئەو سەرکردە خاچپەرستە بۆ گەلەکەی خۆی کـرد هاتۆتـە دی و سـەرانی خاچپەرسـتانی نـوێ لەسـەر نەخشـەو پیلانـەکانی کاردەکـەن، کـە خـۆی لـەو هێـرش و داگیرکردنــە ئیســتیعمارییەدا دەبینێتــەوە کــە جیهــانی ئیسلامی تووشی هاتووە، لە هەموو ئاستەکان و بوارەکان بەڕێوەیەو پیادە دەکرێت.

ئـەو تەوەرانـەی جـەنگی کـافرانی دژ بـە موسـڵمانانی لەســەر دەخولێتــەوە. ئەگــەر ویســتمان ئــەو تــەوەرە



کۆمەڵنیوز
www.komalnews.net

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سەرەكییانە بخەینەڕوو كە جەنگو دژایەتی دوژمنانی لەسەر ڕاگیراوە دەتوانین بیانكەین بە سێ بەشەوە:

**تەوەرەی یەكەم**

جیاكردنەوەی شەریعەت لە حوكمو فەرمانڕەوایی، واتە لابردنی شەریعەتو بەرنامەی خوا لە حوكم كردنو فەرمانڕەواییكردن لە ئیشو كاری نێو موسڵمانان، تاكو لێرەوە فەرمانی خۆیان بدەنە دەستی تاغووتو بەرنامە دانراوەكانو واز لە شەریعەتی خوا بێنن، جا كاتێكیش ئەوەیان كرد ئەوە گەورەترین تایبەتمەندی و جیاكارییان لە دەست دەدەن، ئیتر ئەو كاتە هەر بیروڕاو فەرمانو دەستوورێكی نەفامیی بێت زوو وەردەگیرێتو بازاڕی بۆ خۆش دەبێت، چونكە وەك كەسێكی نەخۆشی لێدێ كە بەرگریی نەمابێتو هەر میكرۆبێك بێتە لاشەیەوە توانای دەركردنی نامێنێتو كاری خۆی دەكات، كۆمەڵگەی موسڵمانیش ئەگەر هاتوو بەرنامەو شەریعەتی خوا حوكمی نەكرد، ئەو كات هەر یاساو دەستوورو فەرمانێكی نەفامی بێت، لای ئاسان دەبێت.

**تەوەرەی دووەم**

لێكترازانو هەڵوەشاندنەوەی كۆمەڵگای موسڵمانانو فاسیدكردنو خراپبوونی لە ڕێی خراپكردنی



كۆمەڵنیوز www.komalnews.net

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئافرەتانـــەوە، پەروەردەكـــەرو بەخێوكـــەری نـــەوەكان، پەرژینی ماڵو پارێزەری منداڵەكان؟، جا كاتێك ئافرەت خـــراپ بـــوو ئـــیتر كۆمـــەڵ خـــراپ دەبێـــتو شـــیرازەی تێكدەچێت.

**تەوەرەی سێیەم**

ڕماندنو لەناوبردنی زمانی عەرەبی، بەهێنانە ناوەوەی شێوە زاراوەی ناوخۆییو كردنیان بە بەدیلێك بۆ زمانی قورئان، تاكو موسڵمانەكان چێژی قورئان نەكەنو تێی نەگەنو نەزانن باس لەچی دەكات، تاكو نەگەڕێنەوەو بێئاگاو سەرگەردان بن لە ماناكانی.

لەسەر ئەم سێ تەوەرە گرنگە لە كۆنەوە تا ئەمڕۆش جەنگیان بەردەوامەو ئەو نەخشەی كێشاویانەو پیادەی دەكەن، جا ئەوەی لێرەدا مەبەستی بابەتەكی ئێمەیە، تەوەرەی دووەمە، كە پەیوەندی بە مەسەلەی ئافرەتانەوە هەیە.

بابزانین ڕەهەندی ئەم پیلانە لەسەر ئافرەتانی موسڵمان چییە؟.

كۆمەڵنیوز
www.komalnews.net



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## پیلانی سەر ئافرەتانی موسڵمان.. دەسپێکێکی مێژوویی

وەك ئاماژەمان پێدا ئوممەتی ئیسلامی تووشی هێرشی خاچپەرستیی بوو، ئەو خاچپەرستانەی کە هیچ سیفات و ڕەوشتێکی مرۆیی و مەردایەتی وایان نەبوو لە ئاستی ئاژەڵ بەرزیان بکاتەوە، سەرەتا موسڵمانان سەریان سووڕما، کاتێ بینیان وا ئەمانە ئافرەتەکانی خۆیان لەگەڵدایەو ڕووت و ناپۆشتەن، گەوادی و بێ ئابڕووی وایان لێ بینین کە لە هیچ گەل و ئوممەتێکی دیکەدا وێنەی نەبووە.

خاچپەرستەکان لە هەڵمەتی یەکەمیاندا هەم لە ڕووی سەربازییەوە شکستخواردوو زەلیل و سەرشۆڕ بوون، هەم لەملاشەوە بوونە جێی تانەو گاڵتەی موسڵمانان کە چۆن ئەمان لە ڕووی ئەخلاق و ڕەوشتەوە لە خوار ئاستی مرۆڤەوەن و خۆیان و خێزانەکانیان دەخەنە پێش و جوانیان دەکەن و دەیانڕازێننەوە، بەڵام ئەوەی ڕووی دا ئەوە بوو کە دوای چەند سەدەیەك هەڵمەتێکی خاچپەرستی تر ـ ئەوەی کە ناو دەبرێت بە هەڵمەتی ناپلیۆن پۆناپارت ـ لە سەدەی نوێدا دەستی پێکرد، زۆرێك لە نووسەرو دانەرەکان ئەوانەی کە مێشکیان بە بیروهزری ئەو هەڵمەتە جۆش دراوە ئەمە بە سەرەتای



کۆمەڵنیوز
www.komalnews.net

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

مێژووی نوێ لە قەڵەم دەدەن، لە کاتێکدا دەتوانین بڵێین کە سەرەتای مێژووی نوێمان لەگەڵ بانگەوازی شێخ موحەممەدی کوڕی عەبدولوەهاب دەستی پێکردەوەو ئەوە سەرەتای ڕاستەقینەی سەدەی نوێیە.

ئەوەی گرنگە سەبارەت بەو هەڵمەتە بیزانین ئەوەیە کە لەگەڵ خۆیدا ڕووتی و بەرەڵایی و گەوادی بێ ئابڕوویی و داڕمان و تێکشکانی هێنا، بەڵام تێڕوانینی موسڵمانەکان ئەمجارەو دوای چەند سەدەیەك جیاواز بوو لە هەڵمەتەکانی پێشووتر، بەشێوەی سەرسامی و واق وڕمانەوە سەیریان دەکردن کە ئەمانە هاتوون و ژیارو شارستانی نوێیان لەگەڵ خۆیان هێناوە، سەرسام بوون لەو ئامێرو هۆکارە ماددیانەی لەگەڵ خۆیان هێناویانن، ئەمە وای لێکردن بێئاگابن لەو بەرەڵڵایی و داڕمانە ئەخلاقیەی بڵاویان دەکردەوەو کۆمەڵگای موسڵمانیان پێ فاسید کردو میکرۆبی بێڕەوشتییان بڵاوکردەوە.

(الجبرتی) مێژوونووس باس لەو کاتە دەکات کە چۆن زۆرێك لە ئافرەتانی موسڵمان سەرسام بوون بەو ئافرەتە کافرانەی لەگەڵ هەڵمەتی ناپلیۆندا هاتبوون و خۆیان و جل و بەرگیان بەوان چوواند.

کۆمەڵنیوز www.komalnews.net



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەرچەندە لەگەڵ ئەوەشدا ئەم مەسەلەیە لە سەردەمی ناپلیۆندا بەشێوەیەکی سنووردار مایەوەو تەشەنەی نەکرد، بەڵام دوژمنانی ئەم ئوممەتە بەردەوام لە نەخشەو پیلانی پیسی بەردەوامن و بە وردی هەنگاوی بۆ دەنێن، لەگەڵ هاتنی داگیرکەری ئینگلیز بۆ میسر ئیتر ئەم مەسەلەیە ئاڕاستەیەکی دیکەی وەرگرت، دەسەڵاتداری ئەو کاتەی ئینگلیز لە میسر پیاوێك بوو بە ناوی (اللورد کرومر) کرومر کەسێکی بەناوبانگە بە نەخشەو پیلانی گڵاوو ڕوخێنەر لەسەر موسڵمانان.

ئیتر لەو کاتەوە مەسەلەیەك دەرکەوت و هاتە بەرباس و قسە لێکردن کە لەوەودوا ناونرا بە مەسەلەی ئافرەت، کاتێك نووسەرێکی قیبتی نەسرانی بە ناوی (مرقص فهمي) کتێبێکی دانا لە ژێر ناوی: (ئافرەت لە ڕۆژهەڵات دا، جا لە هەمان کات و ساتی دەرچوونی ئەم کتێبەدا . کە بانگەشەی بەرەڵایی و ئیباحیەت و خۆدامالین و وازهێنان لە هەموو ئەحکام و فەرمانەکانی ئیسلام دەکات ـ (کرومر)ی دەسەڵاتداری ئەو کاتەی میسر لە یەکێك لە سالۆنەکانی ئافرەتاندا کە خانمێك سەرپەرشتی دەکرد بە نهێنی کاری دەکرد و بە مەبەستی نەخشەداڕشتن بۆ ئەم کارە کۆبوونەوەیەکی ساز دەدا، ئەم سالۆنە تەنها بەناو

کۆمەڵنیوز
www.komalnews.net



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سالۆنی ئافرەتان بوو، ئەگینا لە ناوەوەدا کۆمەڵێکی زۆر لە پێشەوایانی هزرو کەسانی خاوەن ئاڕاستەی ڕۆژئاوای تێدا کۆدەبوونەوەو بیروڕایان دەگۆڕییەوە، ئینجا لەم سالۆنەدا بیرۆکەیەکی تر لە دایکبوو، چونکە ئەم کتێبە لەبری ئەوەی نووسەرەکەی کابرایەکی نەسرانی بوو نەیتوانی پەیامی خۆی بە تەواوی بگەیەنێت و ئەو نەخشەیەی بۆی داڕێژرابوو ئەنجامی بدات، لەبەرئەوە موسڵمانەکانیش بە سرووشتی خۆیان باوەڕو متمانەیان بە نەسرانییەکان نییە، لەبەرئەوە دەبێ هەوڵ بدرێت موسڵمانێك هەڵسێت بەم کارە، ئیتر لێرەوە نووسەرێکی بەناو موسڵمان و بە ناوەڕۆك دووڕوو کە ناوی قاسم ئەمین بوو هەڵسا بە نووسینی کتێبی (ڕزگارکردنی ئافرەت) ئەویش یارمەتیدا لەسەر ئەمە ــ هەروەك مێژووی سەلمێنراو . یەکێك لەوانەی ئەم نادیە میوانداریی دەکردن و سەریان لێ دەدا، شێخ موحەممەد عەبدەو کەسانی تر بون، یارمەتیان دا لەسەر بلاوکردنەوەی بیرۆکەکانی، خۆی لە خودی خۆیدا ئەمە بە بەراورد بەوەی پاش خۆی کارێکی سادەو بچووك بوو، بەلام سەرەتایەك بوو بۆ پیلان و نەخشەی لەو جۆرە لە هەموو شوێن و ولاتێکدا، کە بانگەشە بوو بۆ ئەوەی کە: پێویست نییە ئافرەتی



کۆمەڵنیوز www.komalnews.net

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

موسڵمان سەرو ڕووخساری داپۆشێ، ئەمە باوونەریتێکە لە فارسەکان، یان تورکەکانەوە ماوەتەوە، لە ئاییندا هیچ شتێکی لەو بابەتە نییە، ئەمە پوختەی ئەو بیرۆکەیە بوو کە کتێبەکە مەبەستی بوو بیگەیەنێت.

ئیتر پاش چەند ساڵێك قاسم ئەمین کتێبێکی نوێی لە ژێر ناوی (ئافرەتی نوێ) دا دەرکرد، لێرەدا بە ئاشکراو بێپەردە بە ڕاشکاوی ڕای دەگەیەنێت کە ئافرەتی موسڵمان دەبێ لە هەموو شتێکی ژیانیدا ڕوو لە ڕۆژئاوا بکات و لەوانەوە بەرنامەی ژیانی ئاڕاستە بکات.

لەم کاتەشدا هەندێ لە نووسەرە نەسرانیەکانی وڵاتی شام، کە بە هۆی بڵاوکردنەوەی نەسرانیەت و هەوڵ و تێکۆشانی بەردەوامیان بۆ بڵاوکردنەوەی نەسرانیەت و پیلانی گڵاویان، دەوڵەتی تورکیای ئەو کاتە فشاری خستبوونە سەرو بەرەو میسر هاتبوون، لەوێ دەستیان کردە دەرکردنی گۆڤارو ڕۆژنامەو بوونە پاڵپشتێکی بەهێز بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە بیرۆکانە، ئەوە بوو یەکەم ڕۆژنامەیان دەرچوو کە بە ئاشکرا باس لە ئافرەت و ڕزگاریی ئافرەتان و ڕۆڵی ئافرەتان بکات، کە هەمووی لە ژێر دەستی ئەو نەسرانییانە زەهری بۆگەناویان

کۆمەڵنیوز
www.komalnews.net



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بڵاودەکــــردەوە، بەمشــــێوەیە مەســــەلەکە لـــە هـــەموو ڕوویەکەوە نەخشەو پلانی بۆ کێشرابوو.

پاشان ئیتر ڕۆڵـی میسری ساڵی (١٩١٩) دەرکـەوت، بە ئافرەتان وترا: هـەردەبێ لـەم شۆڕشـەدا بەشداریی بکـەن، دەبێ بەشێك بن لـە هێـزی ئـەم شۆڕشـە، ئـەوانیش چوونە دەرەوەو بەشـدارییان لـە خۆپیشـاندانەکاندا کـرد، لێـرەوە پاسـاوێکی گونجـاو و هــەلێکی زێــڕین درایــە دەســتی داگیرکەران تاکو بڵێن: ئەوەتـە ئافرەتی میسـری بەشـدارە لە ڕزگارکردنی وڵاتەکەی، بەشدارە لـە بـەرگری دوژمنـان و دەرکردنیاندا، ئیتر بۆچی بەو شێوەیە بە ستەملێکراوی و مافخوراوی بمێنێتـەوە؟ بۆچـی لـە هـەموو شـتێکدا لەگـەڵ پیاوان یەکسان نەبێت؟.

لێـــرەوە خۆپیشـــاندانی ئافرەتـــان دروســـت بـــوو و هاتەکایـەوە، لـە گۆڕەپـانێکی گشـتییدا کۆبوونـەوە، ئـەو کەسـەش کـە پێشـیان کـەوت و ئـەم بابەتـەی گـەورە کـردو سەری کارەکە بوو، ژنێك بوو بە نـاوی (هـدى الشـعراوي)، بـــاڵا پۆشـــەکەی داکەنـــدو لـــە گۆڕەپانەکـــەدا لەبـــەردەم خۆپیشـــاندەراندا ســـووتاندی، لـــە بـــەردەم (ســـەعد زەغلول)دا.



کۆمەڵنیووز www.komalnews.net

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئیتر لەو کاتەوە ـ کە مێژوویەکی نزیکە ـ ئافرەتی موسڵمان لەچکی لادا لە ڕووخساری خۆی، نەخشەو پیلانی گلاوو لە دژی ئافرەتان و دژی خێزانی موسڵمان دەستی پێکردو بەردەوامە تا ئەمڕۆ، لەوێوە گەیشتە زۆربەی شارو وڵاتەکانی دیکە.

دوژمنانیش بۆیە جەختیان لەسەر میسر کردەوەو لەوێوە هەنگاویان نا، چونکە میسر پێشڕەوی شارستانی و ڕۆشنبیری جیهانی ئیسلامی بوو لەو کاتەدا، دەیانزانی ئەگەر زاڵ بن بەسەر ئەخلاق و ڕەوشتدا لەوێوە دەتوانن بۆ هەموو وڵاتانی تری ئیسلامی بیگوازرێنەوە. ئیتر پاش ئەوەی ئەم بزووتنەوانە درووستبوون و گۆڤارو ڕۆژنامەیان بۆ دەرکرا، کەوتنە ئەوەی کە چۆن پارتی ئافرەتان دامەزرێنن و بەناویەوە کاربکەن، سەرەتا کۆمەڵێ پارتیان بەناوی ئافرەتانەوە دروست کرد، وەك پارتی نێوان دوونیلەکەو پارتی ئافرەتان، کۆمەڵێ پارتی تریش، بەڵام کە زانیان ئەو جۆرە ناوانە سەرنجی خەڵکی بە خراپ ڕائەکێشن و ئەبێتە جێگەی گومان، ناوی پارتیان لێکردنەوەو کۆمەڵەی ئافرەتانە (الجمعیات النسائیة)یان دروستکرد. ئەم پارتانەش لە دواییدا خرانە ناو یەکێتی ئافرەتانی نێودەوڵەتیەوە، لەوێشەوە بوونە پاشکۆی

کۆمەڵنیوز
www.komalnews.net



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

یەکێتیەکانی ئافرەتانی بەریتانیا، یەکێك لە وەزیرە ئافرەتەکانی ئینگلیز هات بۆ میسرو ئەو پارتانەی تەشەنە پێداو دروستی کردن و پاشانیش بە هەموو توانایەکەوە لە پشتیان وەستاو بلاوی کردەوە: کە ئافرەتانی ئینگلیز لەگەڵ خوشکە ــ وەك دەڵێت ــ میسرییەکانیاندان، لە پێناو دەستبەرکردنی ئازادی و بەرەڵابوونیدا پشتیان دەگرێت.

پاشان لەگەڵ هاتنی جەنگی جیهانی دووەم و ئاوابوونی خۆری بەریتانیا، خێزانەکەی (ڕۆزفلت)ی سەرۆکی ئەمریکا ئەم کارەی گرتە دەست و بۆ خۆی پاڵپشتی ئافرەتانی دەکردو یارمەتیی دەدان و نەخشەی بۆ دەکیشان.

ویستی خوا وابوو کە ئەم پارتە ژنانیانە جیاوازیی و دووبەرەکیی بکەوێتە نێوانیان، چونکە ئەم پارتانە هەریەکەیان سەر بە پارتێکی سیاسیی بوون، کاتێکیش کەوتنە لە یەکتر خوێندن هەریەکەیان ئابرووی ئەوی تریانی دەبردو لە ناو خەڵکدا ڕووی هەڵدەماڵی، پاشان ڕوون بووەوە کە ئەمانە هەموویان لە ڕێی سەفارەتەکانی ئەمریکاو بەریتانیاوە پاڵپشتی ماددی و مەعنەوییان



کۆمەڵنیوز
www.komalnews.net

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەكرێت و خێزانی (ڕۆزفلت)ی سەرۆكی ئەمریكا ئەوكاتە لە پشتی ئەو كارەوەیە.

بەڵام خوای گەورە هەڕەشەی لەمانە كردووە بە سزاو ئازاری دونیا، پێش ئازاری قیامەت و دەفەرموویت: .. لەوانەی ئەم سزایەی خوای گەورە گرتنی و تووشی پەژارەو هەراسانی گەوورە هاتن، ئامینە سەعید بوو، كە قسەیەكی هەیە بەڵگەی نەهامەتی و ئاهو حەسرەتیەتی سەبارەت بە دەرەنجامی ئەو هەموو هەوڵ و تەقەلایە داویانەو دەڵێ: "دوای ئەو مەجدو سەربەرزییەی دروستمان كرد، دوای ئەو گیانبەخشییەی ئافرەتی میسری بەخشی، ئەبینین ئێستا ٣٠٪ ئافرەتانی زانكۆكان باڵاپۆشن، ئەمە سەرەڕای ئە[1]وانەی لە زانكۆ نین و وازیان لێهێناوە، ئەم دارمانیە چیە؟ ئەم گەڕانەوە نوێیە بۆ ئەم كۆنەپەرستیە چیە كەوا ئێستا دەستی پێكردۆتەوە؟.

بەڕاستی خوای باڵادەست ڕاستی فەرمووە: ... خوا سزایان ئەدات و بە نسكۆهێنان و نەزۆكی نەخشەكانیان، لە قیامەتیشدا سزای بەئێش و ئازار چاوەڕوانیانە.

ئا ئەمانە كە حەزیان دەكرد و پێیان خۆش بوو فاحیشەو بەرەڵایی لە ناو باوەڕدارانـدا بڵاوبێتەوە، نەخشەیان كێشاو بەسەر زۆر بوارەكانی ئیسلامییدا



كۆمەڵنیوز
www.komalnews.net

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سـەرکەوتوو بـوون، نەخشـەیان بـۆ ئافرەتـانی زانکـۆو ڕۆشنبیر کێشا تاکو چۆن لە ئاییندەکەیان دەریان بێنن، نەخشـەیان بـۆ ئافرەتـانی لادێو شارۆچکەکان کێشـا بـە چەندەها بەرنامە کە ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان سەرپەرشـتی بکـات، بـە دروسـتکردنی چـەند پـارت و کۆمـەڵێك لـە ناویانـداو ڕاکێشـانیان بـەرەو مەبەسـت؟، زاڵبوون بەسەر شوێنە گشتیی و کۆمەڵایەتیەکاندا، تاکو لە ڕێیانەوە مەبەستی بۆگەنی خۆیان بپێکن.

لەسەر ئاستی شیعرو دیوانە شیعرییەکان نەخشـەیان کێشـا، جـوانی شـەرم تکێنییـان بلاوکـردەوە، بـیروڕای پـیس و بۆگـەن، کتێبـی ڕووخێنـەرو بێنـرخ، زۆرێـك لـە هۆنەرەکان بابەت و مەسەلەکانی ئافرەتیان گرتە ئەستۆو ئیشارەیان دەکرد، بەنموونە (جەمیل زەهاوی) و وێنـەی (ڕەصافی) و (ولی الید یکن) و (الطاهر الحداد) لە تونس، زۆرێکی تریش لە شاعیرو هۆنەران کە ئەگەر دیوانەکانیان بخوێنیتـەوە ئـەبینیت بەشـێکی تایبـەتییان بـۆ دانـاوە ناویان ناوە: بەشی ئافرەتان.

پاشـان کارەکـە پـەرەی سـەند، تـا وای لێهـات هەنـدێ شـاعیرو نووسـەر بێنـە پـێش کـە پیشـەیان بـانگکردن و نووسین بێ لە سـەر ڕووتـی و بـەرەڵڵایی، پسـپۆڕ بـن لـە



کۆمەڵنیوز www.komalnews.net

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بڵاوکردنــەوەی کــاری فاحیشــە لــەناو باوەڕدارانــدا، لــە دژایــەتیکردنی خــواو پێغەمبــەری خــوادا، لــە تیروتــوانج گــرتن لــە شــەرەف و داوێنــی ئــافرەتی ئیمانــدار، لــە ریشەکێشـکردنی غـیرەت و جوامێری ئافرەتـان و پیـاوانی موسـڵمان. وتیـان: هـەردەبێ ڕۆژنامـەی ئافرەتـان، پـارتی ئافرەتانـە، سـەندیکای ئافرەتانـە، لەسەرانسـەری جیهـانی ئیسلامیدا دروست بکرێن.

### ٣ـ مەبەستی پیلانگێران لە دژی ئافرەتی موسڵمان

مەبەســتی دوژمنــانی ئــەم ئوممەتــە لــەم نەخشــەو پیلانانەیان لای هیچ موسڵمانێك شاراوە نیە، زۆریـان لـێ جێبەجێکردووەو بەردەوامیش لە نەخشەدان تەماع و چاو لە دویی زیاتریان هەیە.

**مەبەستەکانیان لە چەند خاڵێکدا بخەینە روو:**

**هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگەو پارچە پارچەکردنی**

**مەبەسـتی یەکـەم:** لێکترازانی کۆمـەڵگاو هەڵوەشـاندنەوەو پارچە پارچەکردنی، ئەوانە بوونی خۆیان لە وێرانکردن و بـەش بەشـکردنی کۆمـەڵگا دەبیننـەوە، تـا کۆمـەڵ زیـاتر پەرتەوازە بێت ئەوانە بنکەکانیان پارێزراوتر دەبن، تواناو دەسـەڵاتیان بەسـەریدا زیـاتر دەبێـت، هـەروەك یـەکێك لـە

کۆمەڵنیووز
www.komalnews.net



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کۆمەڵنیووز
www.komalnews.net

وەزیرو نووسەرەکانی فەرەنسا دەڵێت: "ئەوەی فەڕەنسای لە جەزائیردا ڕووخاند ئافرەتی موسڵمانی باڵاپۆش بوو، هەردەبێ پەند لەمە وەربگرین، هەردەبێ ئافرەتانیان فاسدو بێکەڵك بکەین ـ هەموویان ئەمە قسەیانە . ئەمانە تەنانەت نەخشەیان واکێشاوە کە پاش ڕۆیشتن و نەمانی دەسەڵاتی ڕاستەوخۆیان لە وڵاتانی ئیسلامییدا لە ڕێی هاوبیرو گەراو دارو دەستەکانیانەوە دەسەڵات و باڵادەستیان ژێر بە ژێریان هەر بەردەوام بێت، ئەویش لە زۆر ڕێگەوە کە یەکێکیان وێرانکردن و هەڵوەشانی کۆمەڵگەیە، تا بتوانن لەو ڕێگەیەوە لە ئاوی لێڵدا مەلە بکەن هەتا گۆڕەپان بۆ خۆیان و گوێ لە مشتانیان خۆش بێت.

هەڵوەشاندنەوەو لێکترازانی کۆمەڵگەی موسڵمانیش بەوە دەبێ کارێك بکەن ئافرەت دژایەتی پیاو بکات، قوتابیان دژایەتی زانکۆکانیان بکەن، کرێکاران دژایەتی خاوەن سەرمایەکان بکەن، هەروەها، دەسەڵات دژایەتی گەل بکات، ئیتر بەمشێوەیە کۆمەڵگا ئیسلامیەکانیان پەرت و بڵاوکرد تاکو ببێتە وێنەیەکی تەواو هاوشێوەی کۆمەڵگاکانی ڕۆژئاوا.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کۆمـــــەڵگاکانی ئـــــەورووپا شـــــەریعەتێکیان نییـــــە فـەرمانڕەواییان بکـات، شـەرع و یاسـایەکی خـوایی نیـە ژیانیان ڕێکبخات و ئیش و کارەکانی خاڵبەند بکات، بە جۆرێك دەسەڵاتدار بەرپرسیارێتی خۆی بزانێت، بازرگان بزانێت چی لەسـەرەو ئـەرکی سەرشـانی چیە، هـەروەها کرێکـارو خوێنـدکارو ئـافرەت و پیـاو، هـەموو مرۆڤێـك بزانێت چی بۆ هەیەو چی لەسەرە، بەجۆرێك ئەگەر زوڵم و ستەم و دەستدرێژییەك کرایە سەری، بەحوکم و فەرمانی ئەم شەرعە دەرکەوێت کێ ستەمکارەو کێ ستەملێکراو، ڕۆژئاوا ئەمانەی نییەو شەرع و بەرنامەیەکی خوایی نیە هـەموو کـەس بگرێتـەوە، مـافی هـەموانی تێدا دەستەبەر بێـت، ئەمـە تایبەتمەنـدیی ئـەم ئوممەتەیـەو هـیچ گـەل و نەتەوەیەکی دیکە خاوەنی ئەم شەریعەتە خواییە نەمرە نییە کە هەموو شتەکان بگەڕێنێتەوە شوێنی خۆی.

ئینجا ئەوانەی هیچ شتێکیان لەمانە نییە، ناچار بوون پەنا بەرنە بەر دروستکردنی باڵ و کۆمەڵی جیاواز هەریەك پێچەوانەی ڕەوتی ئەوی دیکە هەنگاو بنێ و مافی خۆی بەو شێوەیە دەستەبەر بکات، ئیتر هەرکەس بیەوێت مافی پارێزراو بیت و لەگەڵ شەپۆلی کۆمەڵدا نوقم نەبێت، دەبێ خۆی بداتە پاڵ باڵ و دەستەو نەقابەیەك، یا هـەر ناوێکی



کۆمەڵنیوز
www.komalnews.net

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دیکـەی هـەبێت، ئـەم ناوانـە هـەموویان نـامۆن بـە ئێمـەو ئوممەتی ئیسلامی، جا لێرەوە وتیان: ئافرەتانیش هەر دەبێ وەك ئافرەتانی رۆژئاوا بن‌و ببنە کۆمەڵ کۆمەڵ‌و تاقم تاقم تا، بتوانن مافەکانی خۆیان بە دەستبێنن‌و ستەمیان لێنەکرێت.

جا باشە دەیانەوێت ئافرەتان هەق‌و مافی خۆیان لە کێ بسەنن؟ ئەو دوژمنە کێیە کە ئافرەتان دەیانەوێت دژایەتی بکەن؟ ئەو دژو پێچەوانەیە کێیە کە ئافرەت دەیەوێت لە بەرامبەریدا بوونی خۆی بسەلمێنێت‌و بەرەو ڕووی بوەستێت‌و سەنگەری لێ بگرێت؟ برایە .. مێردە .. باوکە؟؟

مامەڵەی ئافرەت لە هەر ماڵێکدا لەمانە دەرناچێت‌و هەر لەگەڵ ئەمانەدا هەڵس‌وکەوت دەکات، ئەو پیاوەی ئەم سەنگەری لێگرتووە، یان برایەتی، یان هاوسەرەکەیەتی، یان باوکیەتی .... هتد، جا چۆن دژایەتی لە نێوان ژن‌و مێردو کچ‌و باوك، خوشك‌و برادا دروست دەکرێ؟ ئیتر لێرەوە دەبینین ئاگری دژایەتی خۆش دەکرێت‌و دووبەرەکی دەخرێتە نێوانیانەوە، لێرەوە ژنەکە ئەگەر ویستی داوای مافی خۆی بکات دەچێتە ناو یەکێك لە سەندیکاکانی ئافرەتانەوەو لەوێوە دەبێتە دژو نەیاری



کۆمەڵنیوز www.komalnews.net

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

مێردەکەی، یان براکەی، یان هەرکەسێکی دیکە، هەروەها کچ ئەگەر ناکۆکییەك کەوتە نێوان ئەو و باوکی، یان براکەی، خۆی دەگەیەنێتە یەکێك لە ڕێکخراوەکانی ئافرەتان؟.

سبحان الله، کۆمەڵگای موسڵمان کە هەمووی خۆشەویستی و پێکەوەژیان و لێبوردەیی و یارمەتی و کۆمەکی یەکتریە، هەمووی یارمەتی دەری هەق و ئارامیە، یارمەتیدانی ستەملێکراو و فەرمان بە چاکەو جڵەوگیری لە خراپەیە، بەم جۆرە دێن و لە ڕێگەی ئەو ناوە بریقەدارانەوە خێزانەکان هەڵدەوەشێنن و ئەیانکەنە دژو نەیاری یەکتر و تەنانەت لە یەك ماڵدا ژن دژی مێردەکەیەتی و برا لە خوشکەکەی دەخوێنێ ... هەروەها.

ئافرەتی موسڵمان ئەگەر تەنها خۆی و پشت ئەستوور بە خۆی بچێتە دەرەوەو داوای مافی خۆی بکات، مافەکانی لە دەست دەدات و توانای بەرگری لەخۆی نابێت، بەڵام خوای گەورەو باڵا دەست کەسانێکی بۆ ڕەخساندووە کە هەمیشە پاڵپشتی بکەن و بەرگری لێبکەن و مافەکانی بۆ دابین بکەن، خۆشیان بوێت و هاودەردی بن و لە بەرژەوەندی ئەودا بن، ئەوانەش باوکی، براکانی، هاوسەرەکەی، خزم و کەس و کارەکەیەتی.



کۆمەڵنیوز
www.komalnews.net

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

تەنانەت ئەگەر ستەم کارەکە باوکیشی بێت، خوای گەورە هەر لە بوونی ئافرەتدا بەرگریی دروست کردووە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمانە مەبەستیانە کۆمەڵگەی موسڵمان پەرتەوازەو پارچە پارچە بکەن و هێزو توانای لێ بڕن، بەم شێوازە لە بناغەوە هەڵیتەکێنن.

## وێرانکردنی ئوممەتی ئسلام و لەناوبردنی

**مەبەستی دووەم:** هەڵوەشاندنەوەی ئەم ئوممەتەو لەناوبردنیەتی، بەرپاکردنی جەنگ لە دژی و لە ناوبردنی بە شێوازێك کە سەرنجراکێش نەبێت وەك ڕابردوو.

لێرەوە پێویستە کەمێك بڕوانینە کۆمەڵگاکانی ڕۆژئاواو بزانین لە ئەنجامی بەرەڵلایی و بێ پەردەیی و ئازادیی ڕەهاو بێسنووردا چیان بەسەرهاتووەو بەرەو کوێ هەنگاو دەنێن. لە ئەنجامی چوونەدەرەوەی ئافرەتان و ململانێیان لەگەڵ پیاوان لە بوارەکانی کارو شوێنە گشتییەکاندا کۆمەڵگاکانی ڕۆژئاوا مەترسی پووکانەوەو خۆخواردنەوەیان لێدەکرێ، بەڵکو لە مەترسیش تێی پەڕاندووەو بۆتە حاڵەتێکی حەتمیی و پێوەی گیرۆدە بوون، ئەویش هەمووی بەهۆی چوونە دەرەوەی

کۆمەڵنیوز
www.komalnews.net



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بێسنووری ئافرەتانو وازهێنانیانە لە ژیانی خێزانیی و پەروەردە کردنی نەوەی نوێ.

ئافرەت ئەگەر چووە دەرەوەو کەوتە سەر کارو پیشەو ڕوبەڕووی ماندوو بوونی ژیان بۆوە، بە سروشتی خۆی واز لەماڵەوە دێنێ و پاشانیش ئیتر واز لە منداڵ بوونو بەخێوکردنی منداڵ دێنێت، پاشانیش داڕووخانو لادان ڕوو لە کۆمەڵگە دەکات، هەروەك ئێستا کۆمەڵگای ڕۆژئاوا دووچاری بووە.

زۆرێك لە وڵاتەکان.. بیرمەندانی.. نوێنەرانی.. پەرلەمانی، ئەدیبو ڕۆشنبیرەکانی یەکدەنگن لەسەر ئەوەی کە چوونە دەرەوەی ئافرەتانو وازهێنانیان لە ماڵەوە هۆی سەرەکی زوو تێکشکانی بنەماکانی گەلو نەتەوەیەو لە ئەنجامدا دەیڕووخێنێتو لە بواری بەرهەم هێنانیدا دەپووکێتەوەو زاوزێ کەم دەبێتەوە.

لای هیچ کەس شاراوە نییە کە هێزی مرۆیی گەورەترین و بەهێزترین توانای گەلو نەتەوەکانی دنیایە، لە ڕوسیای شیوعیدا هەر ژنێك دە منداڵی ببوایە مەدالیایەکی ڕێزلێنانیان پێئەداو ئەیانکردە قارەمانی نەتەوەیی، ئەویش لەناو خەڵکدا خۆی دەنواند کە دە منداڵی بۆ دەوڵەتی ئیشتراکیی بەرهەم هێناوە.



کۆمەڵنیوز
www.komalnews.net
PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

له بەریتانیاو فەڕەنسا و وڵاتانی ڕۆژئاوا بە گشتیی و بەردەوام له نەخشەی ئەوەدان چۆن زیادبوونی منداڵ پەرە پێبدەن، چونکە ڕوون بۆتەوە کە ساڵ بە ساڵ ژمارەی مردووەکان زیاترە له لەدایکبوان، بەجۆرێك ڕەنگە لەم سەدەیەدا کیشوەری ئەورووپا بەرەو پووکانەوە بڕوات و ببێتە کەمترین کیشوەری دنیا له ڕووی دانیشتوانەوە، هەروەك کە کەمترین ڕووبەریشی داگیر کردوە.

بەهۆی کەمبوونەوەی زاوزێ و شوکردن، ئەورووپا ئێستا ناو دەبرێت بە کیشوەرە پیرەکە و زۆربەی دانیشتوانیان پیرن، گەنج و لاوەکانیان بەردەوام ڕوو له کەمبوونەوەیە.

ئێمە مەبەستمان ئەوە نییە کە بکەوینە سەرژمێریی و نموونە هێنانەوە، بەڵام بە گشتیی ئاماژە بەوە دەکەین کە ڕۆژئاوا هەستیان بەوە کردووە کە چوونە دەرەوەی ئافرەتان بۆ سەر کارو وازهێنانیان له ماڵەوە له هۆکاری سەرەکی ڕووخان و داڕمانی شارستانییەتیەکەیانە، چونکە زۆربەی ئافرەتانیان نە شوو دەکەن و نە ئامادەی منداڵ بوونیشن، کە ئەمەش بەشێوەیەکی حەتمی ئەبێتە هۆی پووکانەوەو کەم بوونەوەی ئەو نەتەوەیە.



کۆمەڵنیووز www.komalnews.net

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

با لێرەدا نموونەیەك لە حاڵی ئەو ئافرەتەی کار ئەکاتو ئەوەش کار ناکات بخەینە ڕوو:

ئەگەر گریمان دوو کچی دەرچووی زانکۆ لە تەمەن ٢٢ ساڵیدا بوون، یەکەمیان خۆی نەکردە مووچەخۆرو پشووی‌دا، بەڵام ئەوی تریان بە هۆی کارو پیشەو ئیلتیزاماتیەوە شووی بۆ نەکرا، یان هەر نەیویست شوو بکات، حاڵی ئەم دووانە دوای بیست ساڵی تر چۆن دەبێت؟.

بەڵگەنەویستە ئەوەیان کەوتە سەرپیشەو کارو ماندووبوون لەو تەمەنەدا پیردەبێتو توانای کەم دەبێتەوە، چونکە ئافرەت ئەگەر لە ماڵدا بێت پیر دەبێت ئەی ئەگەر کارو ماندووبوونی ڕۆژانە بێت.

ئەوەی دیکە کە شووی کردوە دەبینی دوای ئەو بیست ساڵە منداڵێکی هەیە تەمەنی هەژدەیە، دانەیەکی دیکەی تەمەنی پازدەیە ئەوی تریان تەمەن دە ساڵە، یان دوازدەیە، چوارەم تەمەن هەشتو نۆیە، ڕەنگە منداڵی دیکەشی بووبێت لە تەمەنی خوارتردا. زۆرێك لە خێزانەکان کە بەمشێوەیەن دەبینی لە تەمەنی سەرو چل ساڵیاندا خێزانێکی تەواویان پێکهێناوە، ئەو منداڵەیان لە

کۆمەڵنیوز
www.komalnews.net



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

زانکۆیـه، ئـەوی دیکـه لـه ئامادەیی، ئیتر بـەرەو خـوار بۆ سەرەتایی و باخچەی منداڵانیش.

مانـەوەی ئوممـەت هەمیشـه بـه زینـدووی لـه ڕێـی ئـەو ئافرەتانەوه دەبێت که زوو شوو دەکەن و خۆیان به ڕەنج و زەحمـــەتی کـــارکردن نـــاکوژن، زوو و بـــه شـــێوەیەکی بەختەوەرانه هێلانـەی خێزانیـان پێکدەهێنن و نەوەیـەکی پاك و خاوێن پێشکەش به ئوممەتەکـەیان دەکـەن، ئـەمیان تەمەنی ناگاته پەنجا ساڵ خێزانێکی تێرو تەسەل و پاك و بێگەردی پێشکەش بەگەل و کۆمەڵگاکەی کردووه، ئـەوی تریشیان که ڕەنگه زۆربەی ژیانی  به مۆڵـەتی نەخۆشیی، یان کێشەی دەروونیی، یان کۆمەڵایـەتیی بەسـەر بردبێ، ئەمـەی سـەرەڕای ئـەوەی کـه ژیانی بـەرەو کۆتایی دێـت و هیچی پێشکەش نەکردووه، سـەرەرای بێبـەش بـوونی لـه خۆشەویستی  و سۆزی دایکایەتی و ئاسودەیی دەروون و چاوڕۆشـنی بـەبوونی منـداڵ و وەچـەو نـەوەی داهـاتووی، هـەموو ئەمانـه لـه دەرەنجـامی هەڵبـژاردنی کـارو پیشـه بەســەر دروســتکردنی ژیــانێکی خێزانیــی بەختــەوەردا وەپێش دێت.

ئەو ئوممەتەی ده هەزار کچی هەیەو شوویان کردوه، له پاش بیست ساڵ دەبێته خاوەنی ده هەزار گەنجی خاوەن



کۆمەڵنیوز
www.komalnews.net

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هــەژدە ســاڵ، دە هــەزار گــەنجی پــازدە ســاڵ، دە هــەزار
مێردمنــداڵی تەمــەن دە ســاڵ، دە هــەزار منــداڵی تەمــەن
پێــنج و شــەش ساڵ، دە هــەزار کوڕپــەو زارۆکــی جــوان و
چاوگەش و دڵفرێن، بەڵام ئەو ئوممەتەی کچەکانی دەکاتە
کرێکارو کارمەندو مۆڵەتی شووکردنیان بۆ ناڕەخسێنێ،
ئەوە پاش بیست ساڵ دەبێتە خاوەنی دە هەزار پیرە ژن و
پەککەوتــەی دوابــڕاوو وەچــاخ کــوێر . ئــیتر وردە وردە
ڕێژەی نەوەی نوێ کەم دەکات، تا ناچار دەبێت خەڵکی لە
دەرەوەی وڵاتەکەیەوە بێنێت بۆ خزمەتی منداڵەکانی، یان
بــۆ ئــیش و کــارو بەکارخســتنی پــڕۆژەی ئــابووریی و
مرۆییەکانی پشت بە کەسانی دیکە ببەستێت.
ئەمە ئەو دەرەنجامەیە کە ئێستە شارەزایانی ڕۆژئاوا بۆ
خۆیــان هەســتیان پێکــردووەو بۆتــە پەشــێوی و
پەرتــەوازەیی، بێئــەوەی کتــێبی خــواو فــەرموودەی
پێغەمبەریان لەبەردەست بێت بۆ چارەسەری.
جـا ئایـا بێئاگاکـان دەسـت هەڵـدەگرن و واز دێـنن لـە
پەرۆتـەوازە کـردن و تێکدانی خێزانەکانمان پـاش ئـەوەی
لێکۆڵینــەوەی توێــژەوە گــەورەو دەمڕاســتەکانیان بــە
ڕۆشـنیی ئـەو ڕاسـتیە دەسـەلمێنن کـە چـوونە دەرەوەی

کۆمەڵنیوز
www.komalnews.net



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئافرەتــان و وازهێنانیــان لــە ماڵــەوە هۆکــاری ڕووخــانی نەتەوەکانیانە؟؟

داواکارین خوا ئێمەش و ئەوانیش هیدایەت بدات بۆ گەڕانەوە بۆ ڕێگە ڕاستەکەی خۆی.

## بە فیڕۆدانی خێرو بێری ئوممەت

**مەبەستی سێیەم:** بەفیڕۆدانی خێروبێری ئوممەت لە ڕێگەی ئافرەتەوە: بێگومان کە ئافرەت مەیلو ئارەزووی سەرفکردنو پارە خەرجکردنی زیاترە لە پیاو ـ ئەمە شتێکی زانراوە لای هەموو کەسو هەموو کۆمەڵگایەك ـ کە ئافرەت کەمتر لە پیاو داهاتووی لەبەرچاو دەگرێ، بەتایبەت لەو بوارەدا کە پەیوەندیی بە جوانکاری و خۆرازاندنەوەوە هەیە، یان ئەو شتانەی پەیوەندییان بە ژیانی خۆشو خۆشگوزەرانیەوە هەیە، لە دەرەنجامی ئەمەوە دوژمنانی ئیسلام هەمیشە سوور بوون و جەختیان لەسەر چوونە دەرەوەی ئافرەتان کردووە، ئافرەتی موسڵمان ئەگەر لە ماڵی خۆیدا بوو جلو بەرگی باش لەبەر بکات یان خراپ، پارێزراوە، بەڵام ئەگەر چووە دەرەوەو کەوتە گەڕانی جادەو شوێنە گشتییەکان ئەوە دەبێ پێشبرکێی هاوشێوەکانی بکاتو ئەگەر لەوان لە

کۆمەڵنیوز
www.komalnews.net



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پێشتر نەبێت دواکەوتوو تر نابێت، ئیتر لێرەوە دوژمنانی خوا تەڵەی گەورەیان بۆ ئافرەتانی موسڵمان ناوەتەوە..!
دەیەها جۆر شامپۆو ماددەی جوانکاریو کرێمی پێستو شتی کە بە نرخێکی زۆر گرانبەهاو چەندەها قات دەفرۆشرێن، گرانترین شتی بازاڕەکان پۆشاكو مادە جوانکارییەکانی ئافرەتانە، لە پڕوپاگەندەکەیدا دەڵێت: ئەمە پێستی ئافرەتان وا ناسكو تازە دەکاتەوە وەك کچی بیست ساڵی لێدەکات، چارەش نییە کە کارگەو بەرهەمهێنەرەکانی ئەم جۆرە ماددانە لە ڕێی هۆکارەکانی ڕاگەیاندنەوە پەرە بەم ماددە جوانکارییانە دەدەنو پڕوپاگەندەیان بۆ دەکەن.

هەروەك پێشانگاکانو کارگەو بەرهەمهێنەرەکانی جلو بەرگ . لە دەست کەسانی سەرمایەدارو خاوەن شەریکاتی جوولەکەدایە لە ڕۆژئاوادا . جلو بەرگ و مۆدێلیان داناوە بۆ شەوانە، بۆ بەیانی، بۆ سەر ئیشو کار، بۆ زستانو هاوینو پایز، بۆ خەوو گەشتو گەڕان، بۆچیو بۆچیو چی.. هەر ڕۆژە جۆرە مۆدێلێك دێتە پێشێ، تاکو ئافرەتی موسڵمان هەمیشە بە دوایەوە بێتو پارەو سامانی خۆیو مێردەکەشی بکاتە قوربانی مۆدێل، ئەبینین کۆتایی مانگ نایەت مووچەی خۆیو بەشێکیش



کۆمەڵنیوز
www.komalnews.net

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لە مووچەی مێردەکەی هەر بەشی ئەم شتانە دەکات، ناتوانێت بەشێکی کەمیش سوود لە مووچەکەی وەربگرێت و پاشەکەوتی بکات، بەڵکو هەمووی لە پێناوی خۆی و جوانکاریی و جل و بەرگی خۆیدا بە فیڕۆی ئەدات.

### دەرەنجامەکەی چی دەبێت؟

ئەوەیە ئافرەتی موسڵمان کاتێ دەرئەچێت بۆ ئیش و کارکردن رۆژگار لە کارگەو سەرئیش بەسەر دەبات، لە ئەنجامدا توانای هەردوو لای نابێت و قوربانیی بە خێزانەکەی دەدات، خێزان دەفەوتێ و دەبێتە هۆی پوکانەوەو قرتێکەوتنی گەلەکەی، ئەگەر کاریشی کرد دەرەنجامی کارەکەی و پاداشتی ماندووبونەکەی دەچێتە گیرفانی دەسەڵاتداران و سەرمایەدارانی جوولەکەی جیهانییەوە کە زاڵن بەسەر هەموو کارگەکانی دروستکردنی دەرمان و جل و بەرگی ئافرەتانەدا، جا بزانێت و هەستی پێبکات یان نا، پاشان کارەکەی بەمەش ناوەستێت، دەست دەکات بە کڕینی گۆڤاری ئافرەتانە، گۆڤاری جل و بەرگ و میکیاج و خۆڕازاندنەوە، ئەو گۆڤارانەی کە ئەگەر لە بەرگەوە بۆ بەرگ سەیری بکەیت هیچی بەسوودی تێدا نابینی، جگە لە پڕوپاگەندە بۆ ئەو



کۆمەڵنیوز
www.komalnews.net

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

جۆره جل‌و به‌رگ‌و میكیاج‌و شتانه نه‌بێت، یان له پێناو وێنه‌ی ئافره‌تێكی ڕووت، یان ئافره‌تێكی جوان، زۆربه‌ی به‌رگی ئه‌و گۆڤارانه‌ش بۆ ئه‌وه‌ی زیاتر له بازاڕدا ڕه‌واجیان هه‌بێت له‌سه‌ر به‌رگه‌كه‌ی وێنه‌ی ئافره‌تێكی پێست ناسك، یان نیوه ڕووت داده‌نێن تاكو نه‌ك هه‌ر ئافره‌تان، به‌ڵكو پیاوانیش گیرۆده‌یان بن‌و بیانكڕن!

### جا له كۆتاییدا كێ زه‌ره‌رمه‌نده؟

ئه‌و ئافره‌ته داماوه كه ئاینه‌كه‌شی دۆڕاند، هێمنی‌و ئاسووده‌یی‌و به‌ختیاریی‌و جێگیریی خێزانه‌كه‌شی دۆڕاند، هه‌روه‌ها مێرده‌كه‌شی، كۆمه‌ڵگاكه‌شی، لێره‌دا براوه‌ی سه‌ره‌كی جووله‌كه‌یه، كه‌سانی هه‌لپه‌رست‌و بێباوه‌ڕی دوژمنانی گه‌ل‌و میلله‌ته‌كه‌یه، دوژمنانی ئه‌م ئوممه‌ته‌یه كه به‌رده‌وام و بێوچان نه‌خشه ده‌كێشن بۆ وێرانكردن‌و له‌ناوبردنی خێزانی موسڵمان له ڕێگه‌ی چوونه ده‌ره‌وه‌ی ئافره‌تانه‌وه.

كۆمه‌ڵنیوز
www.komalnews.net



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

مەبەستی چوارەم: ئەوەیە کە پەروەردەی ڕەسەنی ئیسلامی نەمێنێت و لە بەین بچێت، نەوەکانمان بێبەش بن لەو پەروەردە ئیسلامییە هەمەلایەنە.

خوای گەورە هەرچیەك خێرو خۆشی و بەختەوەریی ئێمەی تێدا بێت بۆی ناردوینەتە خوار، لەوەش ڕێنمایی و چاکەو چاکەخوازی لە کاری دونیاو دواڕۆژماندا بە گشتیی، بەلاّم ئەمانە دەیانەوێت کە ئافرەتی موسڵمان پشت هەڵکات لە بەرنامەی خواو گیرۆدەی داوی هەواو ئارەزووەکانی ببێت، بە نموونە خوای گەورە شیردانی بۆ دایکان داناوە تاکو منداڵەکانیانی لەسەر گۆش بکەن و گەورەیان بکەن، بۆی داناوین کە منداڵەکانمان لەسەر گوێڕایەڵی خوا (سبحانە وتعالى) پەروەردە بکەین.

بەلاّم ئەمانە هاتن و وتیان: ئەگەر ئافرەت بیەوێت پارێزگاری جوانی لەش و لاری بکات و ڕێك بمێنێتەوە نابێت شیر بدات بە منداڵەکەی و خەریکی بەخێوکردنی منداڵەکەی بێت، با ئەو بڕوات کار بکات و بژێوی پەیدا بکات، بەخێوکەرێك بگرێت بۆ منداڵەکەی، یان شیری قوتوی پێبدات و شیری خۆی لێ ببرێتەوە، پاشان ئەگەر هاتوو بەخێوکەری هێنا، ئەوە ئیتر هیچ کەسێ: وەك دایك

کۆمەڵنیوز
www.komalnews.net



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

منداڵەکەی بەخێو ناکات و ناچاریش دەبێت پارەیەکی باش بداتە بەخێوکەرەکەی، ئیتر ئەم منداڵە لە خۆشەویستی و سۆزو میهری دایکی بێبەش دەبێت، لە خۆراکی سروشتی خۆی کە شیری دایکیەتی بێبەش دەبێت، لە هەموو ئەمانە گەورەتر لە ژیانی سروشتی، لە زەردەخەنەی دایك، باوەشی پڕ گەرم و پڕ بەزەیی و سۆزی دایك بێبەش دەبێت..

### ئەم منداڵە چۆن گەورە دەبێت و گەشە دەکات؟

لە دواییدا دەبێتە ستەمکارو خراپەکار . مەگەر کەمێکیان نەبێت . گەورە دەبێت و حەزو هەستی تۆڵەسەندنەوە لە کۆمەڵگاو دەوروبەری لە دڵیدا دەڕوێت، چونکە ڕۆژێك لەو ڕۆژانەی ژیانی زەردەخەنەو سۆزو خۆشەویستی دایکی نەدیوە، لە باوەشی گەرمی دایکیداو لە ژێر میهرو لێبوردەیی دایکیدا نەژیاوە، کەسێکی دیکە پەروەردەی کردووە کە کەس نازانێ چی پێگوتووە، چۆن گەورەی کردووە؟!، یان لە باخچەی ساوایان، یان لە هەر جێگەیەکی تر گەورە بووەو پەروەردەی ڕاست و دروستی ئیسلامی وەرنەگرتووەو پێی ئاشنا نەبووە، بەڵکو

کۆمەڵنیووز
www.komalnews.net



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بیروبـاوەڕی گومانـاویو خـوو و ڕەوشـتی نـاجۆرو چەندەها شتی تر وەرگرتووە.

## نموونـەی ماڵێـك دایـك تیایـدا دەرچـۆتە دەرێ بـۆ کارکردن

پـێش چـەند سـاڵێك ڕۆژنامـەی (المدینـة)ی سـعودی هەواڵێکی بڵاوکردەوە، کە کورتەکەی ئەوەبوو دایکێك لـە ئـەنجامی چـوونە سـەرکارو نەپـەرژانی بـۆ منداڵەکـەی دایەنێکی بۆ گرتـووە تاکو بەخێوی بکات، ڕۆژێك دایکە دێتـەوە مـاڵ دەبینێـت وا منداڵەکـەی فێـری کڕنـووشو سوژدە بردن بووە بۆ بوزا، دایەنەکە پەیکەرێکی بچووکی بـوزای لـە بەرامبـەری دانـاوەو فێـری کـردووە کـە ئەمـە خوایـەتی و دەبـێ کڕنووشـی بـۆ بـەریت، دایکەکـە لافی ئـەوەی لـێ دەدا کـە بـە کـارکردنی خزمـەتی گـەلو نەتەوەکـەی دەکـات، بـەڵام لـەملاوە منداڵەکـەی بێئـایین دەبێتو لە دینی ئیسلامی دەبەنە دەرەوەو وای لێدەکەن هاوبەش بۆخوا بڕیار بدات.

ئەمـە تـەنها نموونەیـەك بـوو، ئـەگینا نموونـە ئێجگـار زۆرن.. زۆربـەی ئـەو منداڵانـەی دایکیـان لەسـەر کـارەو ناپـەرژێ بـە باشـی پـەروەردەیان بکـاتو لـە ئامێزیـان

کۆمەڵنیوز
www.komalnews.net



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بگرێت، له دواییدا پەروەردەیەکی خوارو خێچ و بێبنەما فێر دەبن.

پەروەردە درێژترین بڕگەیە لە گەشەو نەش‌ونماکردنی مرۆڤدا، پێش ئەوەی بگاتە بیست ساڵیی، وەك منداڵێك لێی دەڕوانێت‌و دەبێ لە ژێر چاودێری‌و پەروەردەی باوك‌و دایكیدا بێت، چونكە تا ئەو كاتەش پێویستی بە چاودێری و ئاگاداری هەیە، ئەمەش شتێكی زانراوەو بەڵگە نەویستە، باوك‌و دایك باوەڕیان وایە تەنانەت منداڵ تاكو قۆناغی زانكۆش دەبڕێت پێویستیان بە چاودێری‌و یارمەتی و ئامۆژگاری باوك‌و دایكیان هەیە. لەوانەیە دوای ئەوەش هەر پێویست بكات، بەڵام ئەوەی هەر لە منداڵییەوە خواروخێچ پەروەردە دەكرێت دوورە لە خۆشەویستی دایكی، دایكی ناتوانێ بە باشی لە ئامێزی بگرێت‌و مافی خۆی بداتێ، ئەوە دەبێتە هۆی تێكدانی كۆمەڵگەش لە ڕاستیدا، چونكە كۆمەڵگا بریتیە لەو نەوە نوێیانەی كە تواناو وزەی لە بن نەهاتووی كۆمەڵگەن.

لە ئەمریكا و ڕۆژئاوادا كۆمەڵێكی زۆر لێكۆڵینەوەو توێژینەوە سەلماندوویانە كە هۆكاری سەرەكی بڵاوبوونەوەی تاوان‌و خراپەو كوشتن لە ڕۆژئاوادا ئەوەیە كە ئەوانە لە ئامێزی دایكیاندا گەورە نەكراون لە میهرو

کۆمەڵنیوز
www.komalnews.net



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

خۆشەویستی دایکایەتی بێبەش کراون، بۆیە لەگەڵ گەورەبوونیان هێزی تۆڵەسەندن و تاوان و سەرپێچی کردن تێیاندا گەشە دەکات، لەوانەش نێربازی کە لە ئەنجامی ئەوەوە ئایدز دروست بوو، ئەو نەخۆشییەی کە جیهانی رۆژئاوا، بەڵکو مەترسیی لەسەر هەموو جیهان دروست کردووە، هەموو لە ئەنجامی لادانە لە پەروەردەی دروست و بەجێ.

جا لێرەوە چوونە دەرەوەی ئافرەتان و کارکدنیان ئەوە نییە وەك بوختانچی و درۆزنان . رەواجیان پێداوە کە بنەمای پێشکەوتن و شارستانییەتەو بۆ پێشکەوتن و گەشەکردنی کۆمەڵگا، هەر دەبێ ئافرەتان بچنە دەرەوەو ماڵەوە بەجێبێڵن.

خوای بالاّ دەست روو بەدایکانی ئیمانداران دەفەرمووێ: "وَقَرْنَ فِي بُيُوتِكُنَّ وَلَا تَبَرَّجْنَ تَبَرُّجَ الْجَاهِلِيَّةِ الْأُولَى وَأَقِمْنَ الصَّلَاةَ وَآتِينَ الزَّكَاةَ وَأَطِعْنَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ ..". (ألأحزاب ٣٣). ئەمەیە قاعیدەو بنەمای هەرە گەورە، کە پێویستە لەسەر ئافرەت (وَقَرْنَ) موسڵمان پێوەی پابەند بێت، لەسەر هەر ئافرەتێکی موسڵمان پێویستە ئەم کارانە بخاتە پێش چاوی خۆی: ماڵ، وەزیفەی دایکایەتی، پەروەردەکردنی نەوە، پەروەردەکردنی لاوی ئیمانداری



کۆمەڵنیوز www.komalnews.net

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەهێز تا بتوانێت بەهێزبێت لە ئیمانەکەیدا، بەهێزبێت لەلاشەیدا، بەهێزبێت لە دژایەتیکردنی دوژمنانی خواو دوژمنانی گەلو نەتەوەکەیدا، ئیتر لە ماڵ دەرچوون چەند حاڵەتێکی تووشهاتوو ناچارییە و نابێ بکرێنە بنەماو بنچینە بۆ کاری ئافرەتان، تەنانەت ئەگەر لە بواری خودی ئافرەتانیشدا بوو ئەوە حاڵەتێکی نائاسایی و ناچارییە، واتە ئەسڵو بنچینە ئەوەیە ئافرەتان لەماڵەوە بنو جیلو نەوەکانیان پەروەردە بکەنو ئەرکی دایکایەتی خۆیان بە تەواوی بەجێبێنن، تەنانەت خوێندنو خوێندەواریشی دەبێ لە پێناو پەروەردەو پێگەیاندنی منداڵەکانیدا بێت، تاکو بتوانێت خانەوادەیەکی خوێندەوار و بەهێزو بە توانا دروست بکات.

لەبەرئەوە دەبینین هەرکەسێك پێچەوانەی فەرمانی خوای کردو سەرپێچی کرد ئەو فەرمودەیەی پێغەمبەری (ﷺ) بەسەردا جێبەجێ دەبێت، کە دەفەرمووێت: "بعثت بين يدي الساعة حتى يعبد الله وحده لاشريك له، وجعل رزقي تحت ظل رمحي وكتب الذل والصغار على من خالف أمري، ومن تشبه بقوم فهو منهم". (رواه الإمام أحمد، المسند ٢/٩٢. وشرحه إبن رجب شرحا قيما، وهو صحيح، وروى البخاري بعضه تعليقا. أنظر الفتح ٦/٩٨).



کۆمەڵنیوز
www.komalnews.net

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

واتە: "لەبەردەم هاتنی دوارۆژدا ڕەوانە کراوم هەتا خوا بپەرسترێ و هاوبەشی بۆ بڕیار نەدرێت، ڕۆزی و بژێویشم خراوەتە ژێر سێبەری ڕمەکەم و زەلیلی و زەبوونی و بچووکی پێویست کراوە بۆ ئەوەی پێچەوانەی فەرمانم دەکات، هەرکەس خۆی بچوێنێ بە گەلێك ئەوە لەوانە".

خوای گەورە زەلیلی و بچووکی نووسیوە بۆ ئەوانەی پێچەوانەی فەرمانی پێغەمبەر (ﷺ) دەجوولێنەوە، لە گەورەترینی سەرپێچیش خۆچوواندنە بە کافران و بێباوەڕان لە خۆ ڕووتکردنەوەیانداو نەخشەو پیلانیاندا، هەروەها لە پەیڕەوو پرۆگرامی خوێندن و پەروەردەو هەڵسوکەوتیاندا، لەوەی کە پەیوەندی بە ئافرەتانی موسڵمانەوە هەیە.

دوژمنانی خوا لەبەرئەوەی زاڵ بن بەسەر ئەم ئوممەتەدا وتیان: پێویستە کچ و کوڕی موسڵمان بەیەکترەوە مەست و سەرقاڵ بکەین. دەبینی گەنجێك لە قوتابخانەیە، بەڵام بیرو هۆشی لای کچێکە، چۆن ببینێت؟ چۆن قسەی لەگەڵ بکات؟ چۆن لێی نزیك بێتەوە؟ دەچێ ئەو دیوانە شیعرییانە دەکڕێ کە باس لە خۆشەویستی و غەرامیات دەکات، ئەو کتێبانە دەکڕێ کە پاڵنەرن بۆ ئەو جۆرە کارانە، سەیری ئەو فیلم و زنجیرانە دەکات کە باس لە



کۆمەڵنیوز
www.komalnews.net

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

خۆشەویستی و چۆنیەتی خۆشەویستی دەکەن، هەروەها حاڵی کچەکەش هەر بەو شێوەیەیە، ئیتر بەم جۆرە تەمەنی ئوممەتەکەیان بەفیڕۆ دەڕوات، چونکە ئەو میللەتە لەوانە پێکهاتووە، جا ئەگەر هەر کوڕەو بە کچێکەوە سەرقاڵ بوو، یان بە پێچەوانەوە، ئیتر وردە وردە کۆمەڵ بەرەو هەڵدێرو تیاچوون دەڕوات، بێئاگا دەبن لە دوژمنانی خواو دوژمنانی گەلەکەیان، هەموو هیواو ئاواتیان قسەکردن و بینینی خۆشەویستەکەیانە، مەردایەتی و پیاوەتییان لە دەست دەدەن، لە پێناو کارێکی بێنرخدا ئامادەن سەروەری ولاتەکەشیان لەدەست بدەن. لە دواییشدا ڕەنگە بۆ یەکتریش نەبن، هەموو هیواو ئاواتیان باس و خواسی فلانە فیلم و فلانە هونەرمەندو گۆرانبێژە، ئەوەی بیری لێ نەکەنەوە مەسەلە زیندوو هەنووکەییەکانی میللەتەکەیانە.

سەرقاڵیان ئەکەن بە خۆخەریککردن بە زانستی بێسوودەوە، لە زانستی شەرعی بێ ئاگا دەبن، کە تەنانەت لەگەڵ فێربوونی هەر زانستێکی دیکەدا پێویستە فێری بن، ئەگەر لە کۆلێجی ئەندازیاری، یان پزیشکی بوویت، یان کرێکارێك، یان مووچەخۆرێك، یان هەر ئەرك و فەرمانێکت لەسەر شان بوو، دەبێ بزانی چۆن



کۆمەڵنیوز
www.komalnews.net

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

خواپەرستی دەکەیت و لەسەر چی بنەمایەك بەندایەتی بۆ خوا دەکەیت..

بەمشێوەیە بە کۆمەڵی گۆڤارو فیلمو زنجیرەی تەلەفزیۆنی و شتی پڕو پووچو بێنرخەوە لاوان سەرقاڵ دەکەنو دەبنە ڕێگریان بۆ فێربوونی زانستی شەرعیی و خواناسییان لەبیر دەبەنەوە، ئەو فیلمانەی کە ئافرەتانیان تێدا کردۆتە هۆکارێك بۆ ڕاکێشانی خەڵکی، بەمەش ژیریی و بیروهۆشی ئوممەت بە فیڕۆ دەچێو دەڕوات، پارەو سامانی بەفیڕۆ دەڕوات، گەنجی و لاوێتی و هەموو تواناو هەوڵو کۆششی لەدەست دەدات، هەمووی لە ئەنجامی ئەم نەخشەیەدا، ئەم پارووە چەورە . کە ئافرەتە . کراوەتە تۆڕی پیلانو نەخشەی کوشندە، تاکو هەمیشە ئوممەتی پێ ڕاو بکەن، بیکەنە پارویەکی سووكو ئاسان بۆ دوژمنانی خوا.

کۆمەڵنیوز
www.komalnews.net



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## دەرووکرانەوە لە ئارامی و خۆڕاگریدایە

قسەکردن لە نەخشەو پیلانی ناحەزانی ئیسلام نابێت متمانەمان بە وادەو بەڵێنی خواو سەرکەوتنی مسوگەرو ئاشکرای بۆ ئەم ئوممەتە و پشت ئەستووریو متمانە بە خوا، پاشان بە نەوەی نوێی ئەم ئوممەتە لاواز بکات، کەوا وریا بوونەتەوەو ڕابوونێکی نوێی دەست پێکردۆتەوەو بە ئاگایە لەم نەخشەو پیلانانە.

ئێمە متمانەی تەواومان بەوادەو پەیمانی خوا هەیە، بە وریاییو چالاکیو بە ئاگاهی خێزانو گەنجو لاوەکانمان هەیە، دڵنیاین کە سەرکەوتنی خوا بۆ بەندە ڕاستگۆو خۆگرو بەئارامەکانی هەر دێتەجێ.

بەڵام لە سەرمانە کە وریاو بەهۆش بین، ئاگاو چاودێر بین، ئەو پیلان گێڕو ڕوخێنەرانە بناسین، نەخشەو پیلانەکانیان بزانین، بینە قەڵغانو ڕێیان لێ بگرین، بە حیکمەتو دانایی.. بە وتەی ڕاستو دروست.. بە ڕەخنەیەك بتوانێت بەرامبەر قەناعەت پێبکات، بەڵگەی لەدەست بڕیۆ ببێتە بەڵگە بەسەریانەوە .. بە فەرمان بە چاکەو جڵەوگیری لە خراپە.. بە بڕینی هەموو ڕێچکەیەك ببێتە هۆی تیاچوونو فاسیدبوونی ئافرەتی موسڵمان.



کۆمەڵنیووز
www.komalnews.net

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەسەر باوکە چاودێریی کچەکەی بکات، رێی نەدات بچێتە بازاڕەکان بە ئارەزووی خۆی بێت وبڕوات، نەهێڵێت گۆڤاری ڕووخێنەرو بێڕەوشتیی بکڕێت، بە دوای فیلمی بەدڕەوشتیی و ڕووتیدا وێڵ بێت.

لەسەر مێردە چاودێری خێزانەکەی بکات، لەسەر ماموستایە کە ئامۆژگاری قوتابیەکانی بکات کە ئاگایان لە خێزانەکانیان بێت، چاویان بگرن و، داوێنیان بپارێزن لە حەرام، هەروەها پێش نوێژو پێشەوای مزگەوت، هەر یەکێك کە توانای ئاڕاستەکردنی هەیەو هەر یەك بەپێی بەرپرسیارێتی خۆی هەوڵ بدات.

لەسەر برایە ئامۆژگاری خوشکەکەی بکاتو نەهێڵێت هاوڕێیەتی کچانی بێکەڵكو خراپ بکات، ڕێی لێبگرێ و نەهێڵێت تووشی بیرو بیرۆکەی بێکەڵك و بێسوود ببێت.

ئەگەر ئێمە بەوە هەستاین، ئەوە بە دڵنیاییەوە دەتوانین بە ڕوی نەخشەو پیلانی ناحەزاندا بووەستین و پووچەڵیان بکەینەوە، بەڵام ئەگەر بێئاگا بووینو هەوڵمان نەدا، ئەوە بە دڵنیاییەوە خوا ئێمە لادەباتو کەسانێکی تر دێنێت شایەن بن بە هەڵگرتن و پیادەکردنو گەیاندنی ئەم ئایینە، مژدەکان هەموو ئەوە ئەگەیەنن کە سەرکەوتن تەنها بۆ ئەم ئایینەیە.

کۆمەڵنیوز
www.komalnews.net



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

یـادی خوشـكانی ئیمانـدار ئەهێنینـەوە بـە خـۆگرتن‌و پابەند بوون بە حیجاب و بالاپۆشییەوە، پێویستە بزانێت دەستەخوشـكەكەی كـە هەڵخەڵـەتاوەو سـابوونیان لـە ژێـر پیٰ دراوە نەخشەو پیلانیان بە ناوی ئازادی ئەوەوە دژی ئـەم ئوممەتـە كێشـاوە، ئێسـتا سـوپاس بـۆ خـوا گەڕاوەتەوەو وریا بووتەوە، هۆش‌و زەینی ڕوون بۆتەوە، دۆسـت‌و دوژمنـی خـۆی دەناسـێت، حەقیقـەت‌و ڕاستەقینەی ئایینەكەی خۆی دەزانێت.

ئەگەر تاكە یەك ئافرەتێك بە دین‌و ئیمان و قەناعەتی پتەو لە ناو كەش‌و بارودۆخێكی نەفامیی و بێباوەڕیی پلارو توانج وەشێندا پابەند بێت بە ئایینەكەیەوە، زۆر باشـترەو كاریگـەریی زیـاترە لـە هـەزار لەچكەبەسـەری بالاپۆش كە تەنها میرات‌و نەریتێكە وەریان گرتووەو وەك میراتێكی باب‌و باپیرانیان بۆیان ماوەتەوە، یان نەریت‌و كەلەپوورێكـە بـۆی ماوەتـەوەو دەوروبـەر بەسـەریاندا سەپاندوە.

سـوپاس بـۆ خـوا ئافرەتـانی بـالاپۆش هـەتا دیٰ زیـاتر باوەڕیـان پتـەوتر دەبێـت، ئـەو دایكـە بالاپۆشـانەی كـە باوەڕیان وایە پێگـەی ڕاسـتەقینەیان ماڵەوەیـە، گرنگییـان لە ژیاندا پەروەردەكردنی نەوەیەكی ساغ‌و ئیماندارە هەتا

كۆمەڵنیوز
www.komalnews.net



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دێ زیاتر دەبن، هەرچی نەخشەو پیلانی دوژمنانە وردە وردە خەریکە ئەپوکێتەوە.

ئەمەش کارێکی سەرسوڕهێنەر نییە، چونکە ڕۆژئاواییەکان کە پێشەنگ و دەمڕاستی سەرلیشێواوەکانی وڵاتەکانی خۆمانن، ئێستە زۆر بە دڵنیاییەوە ئاواتەخوازی ژیانێکی خێزانین کە مافی خۆیانی تێدا بدۆزنەوە هەست بە سۆزو میهری دایکایەتی بکەن.

مامۆستا (مصطفی السباعي) دەڵێت: "ئافرەتێکی بەناوبانگی ئەمریکایی سەردانی دیمەشقی کرد، دوای شارەزابوونێکی کەم لە ژیانی ئافرەتانی موسڵمان، پێی دەوترێت: ژیانی موسڵمان ئاوایە، ئافرەتی موسڵمان ئەرك و فەرمانی ئەوەو ئەوەیە، مێرد دەیپارێزێت و لە خۆی دەگرێت و خەرجی دەکێشێت، ئەگەر مێردیشی نەبوو، ئەوە یان باوکی، یان برای بەسەربەرزییەوە سەرپەرشتی دەکەن و دەیپارێزن، پارێزراوە، بەڕێزە. جا کاتێك بینی وتی: سوێند بە خوا ئاوەتخوازم بەو شێوە پڕ ڕێزو شکۆیە بژیامایە، ئەگەر بۆ چەند مانگێکیش بێت، پاشان بمردمایە!. ئەمەش هەمووی دەرەنجامی ئەو نەگبەتییەیە کە ئافرەتان لە ناخدا پێوەی دەناڵێنن،

کۆمەڵنیوز
www.komalnews.net



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەرچەندە لە دیاردەو ڕووکەشدا وا دەبینرێت لە خۆشی و شادی و ڕێزدا دەژین.

## حەق ئەوەیە ناحەزان گەواهی لەسەر بدەن

لە یەکێك لە کۆنگرەکاندا کە لە وڵاتی ئەڵمانیا بەسترابوو بابەتەکە لەسەر ئافرەت و ئیسلام بوو، هەندێك لە ڕۆژهەڵاتناسەکان هەڵسان و باسیان لەو زوڵم و داپڵۆسینە دەکرد کە ئافرەتی موسڵمان . ئافرەتی ڕۆژهەڵاتی وەك ئەوان ناویان لێناوە . پێوەی دەناڵێنن، پاشان هاتنە سەر ئەوەی کە فرەخێزانیی لە گەورەترین ئەو ستەمانەیە کە هەڕەشە لە ئافرەتی ڕۆژهەڵاتیی دەکات، پێویستە ئەو ستەمکارییەی لەسەر لا ببرێت و نەمێنێت.

یەکێك لە بانگخوازان لەوانەی بەشداریی کۆنگرەکەیان کرد . وا بزانم دکتۆر (أحمد الشرباصی) بوو- هەستاو ویستی بەرپەرچی ئەم بوختانە بداتەوە، بەڵام ئافرەتێکی ئەڵمانی کە پایەیەکی بڵندی هەبوو لە وڵاتەکەی خۆیدا، هەستاو وتی: من قسە ئەکەم، دکتۆر وتی: با جارێ من وەڵامی ئەو بوختانە بدەمەوە، ئەوجا تۆ بە ئارەزووی خۆت قسە بکە . چونکە وا گومانی دەبرد کە ئافرەتەکەش



کۆمەڵنیوز
www.komalnews.net

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پشتگیری ئەو تۆمەتە دەکات . وتی: نەخێر، من قسە ئەکەم و لە جیاتی تۆ وەڵامی ئەو درۆیە دەدەمەوە. وتی: ئێوە کە دەڵێن: ئافرەتی ڕۆژهەڵات ئەگەر خێزانی دووەم، یان سێیەم، یان زیاتر بێت بەشخووراو و ستەملێکراو و نەگبەتە، من ڕازیم کە خێزانی سی و چوارەم بم. بەم شێوە وتی: بە مەرجێ پیاوێك هەبێت و بمپارێزێت لە دزو شەوگەرەکان. چونکە دڵنیا و دڵئارام و ئاسوودە نییە!!

کوا باوکی، هیچ لە بارەیەوە نازانێ، کوا دایکی؟ نازانێ کوا براکانی؟ نازانێ، هەر خۆی کار ئەکات و هەوڵ و کۆشش دەکات و ماڵ بە کرێ دەگرێ، خۆ ئەگەر شووشی کرد هەر خۆی مارەیی دەدات، پاشان مێردەکەی بەجێی دێڵێت و دەچێت لەگەڵ خۆشەویستێکی دیکەیدا دەخەوێت.

خێزانی ئەورووپایی بە تەواوی لێکترازاوەو . کەمەکێکی زۆر کەم نەبێت . هیچی بەسەر هیچەوە نەماوە، هیچ جۆرە ڕێزو پلەدارییەك لە نێوان باوك و دایك و منداڵەکان نەماوە، تەنانەت ئێستا زینای مەحارم. باوك لەگەڵ کچی خۆی و دایك لەگەڵ کوڕی و براو خوشك بەیەکەوە . بەڕێژەیەکی ترسناك زیادی کردووەو دوور نییە لە چەند ساڵانی داهاتوودا نەبێتە یاسایەك و پەرلەمانەکان دەنگی لەسەر



کۆمەڵنیوز
www.komalnews.net

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

نـەدەن وەك ئێسـتا لـە زۆرێـك لـە ولاتـەكانی ئـەرووپادا مەسەلەی لاپەڕەی جنسی . پیاو لەگەڵ پیاو ژن لەگەڵ ژن ـ بـە فـەرمیی دەناسـرێت و یاسـاو دەسـتووری تایبـەتی هەیە!!.

زۆر بە دەگمەن نەبێت پیاوێك نییە خیانەتی سەر جێگە لە ژنەكەی نەكات، جا بە ئاشكرا، یان بەنهێنی، ژنەكەش هەر بە هەمان شێوە، دیاردەی هەڵكوتانە سەرو بە زۆر كـاری جنسـی كـردن لـە گـەڵ ئافرەتانـدا دیاردەیـەكی بـەربلاوو ترسـێنەرە، بـە جۆرێـك تـەنها لـە ولاتێكـی وەك فەڕەنسا لە هەردوو كاتژمێرێكدا ئافرەتێك دەفرێندرێت و بە زۆر كاری فاحیشەی لەگەڵ دەكرێت.

ئەمانـە وای لـە بیرمەنـدی ئـەمریكایی (فرانسـیس فۆكۆیامـا) كـردووە كـە بڵـێ ڕۆژئـاوا زەنگـی ترسـناكی لێداوەو لە كتێبێكدا بە ناوی (لێكترازانی گەورە) جەخت لە سەر ئەوە بكات كە هەڵوەشانەوەی خێزان لە ڕۆژئاوادا زەنگێكـی ئێجگـار ترسـناك و پـڕ مەترسـیە، هەڕەشـەی پوكانەوەو لە ناو بردنی دەكات و دەڵێت: لە پایتـەختی یـەكێك لـە ولاتـانی ئەسـكەندەنافی ڕێـژەی ٧٠٪ی لـە دایكبووانی زۆڵن.

كۆمەڵنیووز
www.komalnews.net



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەڵێــــت: زیـــاد بـــوون و پەرەســـــەندنی تـــاوان، هەڵوشـــاندنەوەی یاســـای کۆمەڵایـــەتی وای کـــردوە کـــە ناوەندی شارەکان لە دەوڵەمەندترین وڵاتانی سەر ڕووی ئـەم زەویـە چـەند شـوێنێك بـن کـە خـەریك بێـت ژیـان وگوزەرانیـان تیـا بـە سـەر ببرێـت، دارمـان و داڕووخـان لـە پەیوەندییە نزیکەکان لەگەڵ یەکتردا کە زیاتر لە دوو سەد ساڵە وەك دامەزراوێکی کۆمەڵایەتی پتەو ئیعتباری خۆی هـــەبووە، لـــە نیـــوەی دووەمـــی ســـەدەی بیســـتەمەوە بەشـێوەیەکی ئێجگـار زۆر لـە هـەموو وڵاتـانی ڕۆژئـاوای پیشەسـازیدا پـەرەی سـەندووە، ڕێـژەی لـەدایکبوون لـە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاوادا هاتۆتە خوارێ و دابەزیوە، لە یابان دا بە شێوەیەکی وا کەم بۆتەوە کە وای کردووە لە سـەدەی داهـاتوودا ژمـارەی دانیشـتوانی کـەم بکەنـەوە ئەگەر کۆچ و کۆچ ڕەوی بۆ نەکرێت، ژیانی هاوسەرێتی کەم بۆتەوە، وەچەو نەوەپێکەوەنان کەم بۆتەوە، ڕێژەی تـــەلاق و جیابوونـــەوەی ژن و مێـــرد ئێجگـــار پـــەرەی سەندووە، ڕێژەی منداڵی ناشەرعی گەشتۆتە سێیەك، لە ویلایەتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکاو لـە هەنـدێ وڵاتـی ئەسکەندەنافی ئەو ڕێژەیە گەشتۆتە نیوە، لە کۆتاییدا متمانە بە دامەزراوەکان بۆ ماوەی چل ساڵە بەردەوام لە



کۆمەڵنیوز
www.komalnews.net

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

كەمبوونـــەوەو بێمتمانەيـــەكی زۆردايـــە، لـــە پەنجاكانـــدا زۆرينـــەی خـــەڵكی لـــە ويلايەتـــە يـــەكگرتوەكان و لـــە ئەوروپاشدا متمانەی خۆيان بەرامبەر بە حكومەتەكانيان، يان هاوڕێكانيان دەردەبڕی و باوەڕيان پێيان بوو، بەڵام كەمەكێكی كەم لە نەوەدەكاندا ئەو هەستەيان دەربڕيوەو ئـەو متمانـەيان هـەبووە، گرنگيـدان بـە ئـيش و كـاری يەكتريـەوە گـۆڕاوە، لەگـەڵ ئەوەشـدا كـە بەڵگەيـەك نييـە لەسەر كەمبوونەوەی پەيوەنديی لە نێوان خەڵكيدا، بەڵام هاتوچـۆ لـە نێوانيانـدا بـەردەوام لـە كەمبوونەوەدايـە، ڕاكێشـان و هێـزی كێشـكردن كـەمترە، كـەمترين ڕێـژەی خەڵكی پەيوەندييان بە يەكەوە هەيە(٢). ئەمە حاڵی ئەو وڵاتانەيە بە پێشكەوتوو ناوزەد كراون.

لاشـــەيەكی بێگيـــان و بێـــڕۆح، هەرچـــی مانـــای خۆشەويستی و بەزەيی هەبێت لە ژن و مێردايەتيدا نييە، مەگـەر بـە دەگمـەن ژنـان و پيـاوان خيانـەتی خێزانيـی لـە يـــەكتری نەكـــەن و لـــە مـــاوەی تەمەنيانـــدا – بەتايبـــەت پياوان– چەندەها خۆشەويست و دۆست نەگۆڕن!

بـەڵام كاڵفامـەكانی ڕۆژنامـەكان لـە وڵاتـانی ئيسـلاميدا بـاس لـە فرەخێزانيـی ئەكـەن، وەك ئـەوەی گـەورەترين مەترسی بێـت، كە ئوممەتی ئيسلامی بەرەو تياچوون و



كۆمەڵنيووز
www.komalnews.net

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

نـــەمان بـــەريّت، بابـــەتى ئـــافرەت دەكەنـــە بابـــەتێكى كۆمەڵايـــەتيى ڕووت، وا دەيخەنـــە ڕوو كــــە هـــيچ پەيوەندييـەكى بە حـەڵاڵ و حەرامـەوە نـەبێت، لەبەرئـەوە چـۆن پێيـان خـۆش بێـت دێـن ڕاپرسـى و ڕادەربـڕين لـەم مەسـەلەيەدا دەكـەن، بـە ئـارەزووى خۆيـان لەگـەڵ چـەند ئـافرەتێكى گەنجـدا چـەند پرسـيارێكى ئاراسـتە دەكـەن، ڕاتان چييە بەرامبەر بە كارى ئافرەتان؟ ڕاتان سەبارەت بە چوونەدەرەوەى ئافرەت چييە؟ بەرامبەر بە مافى ئـافرەت؟ .. پاشـان پرسـيارى مەبەسـت دێتـە پـێش: ڕاتـان چـييە سەبارەت بە فرەخێزانى؟ ڕاى ئەوانە وەردەگرن و ئيتر لـە هەمانكاتدا خۆيان دەبنە دادوەرو، هەم دژو پێچەوانە لـە هەمانكاتـدا، ئـيتر لـە كۆتاييـدا دەڵـێن: هـەموو خـەڵكانى ڕاپرسييەكە لەسەر ئەوە كۆكن كە ئافرەت هەر دەبێت كار بكات، هەر دەبێت لە ماڵ بێتە دەرەوە، فرەژنى هەرەشە لە خێـــزان دەكـــات، ســـەر ئەكێشـــێ بـــۆ پەرتـــەوازەيى و دووبەرەكيى، منداڵەكان باش پەروەردە نابن و هەروەها...

ئـا ئەمانـە پشـت هەڵئەكـەن لـە فـەرمانى خـوا (سـبحانە وتعالى)، ئەوانەى شـەرعى خـواو ئەوەى ناردويەتيـە خـوار لە كتێبەكەيدا، ئەوەش كە لەسـەر زمـانى پێغەمبەرەكـەى پێـى ڕاگەيانـدوين لەسـەر مەسـەلەى ئافرەتـان، هـەروەها



كۆمەڵنيوز www.komalnews.net

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەوەی کە هەزارو چوار سەد ساڵە ئوممەتی ئیسلام وەریگرتووەو لەسەریەتی، هەمووی دەکەن بە شتێکی بەتاڵ و بێکەڵك و ئەیخەنە لاوە، دێن بیروڕای چەند کەسێکی ئەهلی هەواو ئارەزوخواز زاڵ دەکەن بەسەر حوکم و فەرمانی خواو پێغەمبەر (ﷺ)، ئەوانە وا دەزانن کە ئێمە ئوممەتێکی ون بووین و نەشەرعمان هەیەو نە کیتاب و نە سوننەت!.

خوای باڵا دەست دەفەرموێت : (فَلاَ وَرَبِّكَ لاَ يُؤْمِنُونَ حَتَّىَ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لاَ يَجِدُواْ فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجاً مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُواْ تَسْلِيماً) (النساء: ٦٥). واتە: "وانیە سوێند بە پەروەردگاری تۆ نابنە بڕواداری راستەقینە تا تۆ نەکەنە حەکەم لەو گرفت و کێشانەی لە نێوانیاندا روو ئەدا، ئینجا لە دڵ و دەرونیاندا نارازی بوون بەدی نەکرێ لەو حوکمەی تۆ بۆت کردوون و بەدڵ و دەروون بە چاکی تەسلیمی فەرمانی خوا بن". بە راستی ئەم ئایەتە هەر سێ پلەکانی ئایینی لە خۆگرتووە: فەرمانڕەوایی کردن بۆ پێغەمبەری خوا..لە پلەی ئیسلامدا، دڵتەنگ نەبوون و پێناخۆش نەبوون بەو فەرمانڕەواییە.. لە ئیماندا، خۆ بەدەستەوەدانی ڕەها..لە پلەکانی ئیحساندا. دەبێت حاڵمان بەو جۆرە بێت کە



کۆمەڵنیوز
www.komalnews.net

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

خوای متعال دەفەرمووێت: (إِنَّ الدِّينَ عِندَ اللّهِ الإِسْلاَمُ ..) واتە: بەراستی دینی پەسەندو وەرگیراو لەلای خوا تەنها ئیسلامە. هەر دەبێت ئەمە پەیڕەوو پرۆگرامامان بێت لە ژیانداو لەسەری بژین.

بەڵام ئەگەر ئایینمان و شەرەف و ژیانی کۆمەڵایەتیمان خرایە ژێر هەواو ئارەزووەکانەوە، شوێن ڕای فلان و قسەی فیسار کەوتین، ئەوە لەڕاستیدا شوێنکەوتنی هەواو ئارەزوو نەبێت هیچی دیکە نییە.. شوێنکەتنی هەواو ئارەزوی نەزان و بیٚ زانستەکان.. شوێنکەوتنی حوکم و فەرمانی نەزانی و نەفامی: "وَقَرْنَ فِي بُيُوتِكُنَّ وَلَا تَبَرَّجْنَ تَبَرُّجَ الْجَاهِلِيَّةِ الْأُولَى وَأَقِمْنَ الصَّلَاةَ وَآتِينَ الزَّكَاةَ وَأَطِعْنَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ".

واتە: ئافرەتان لە ماڵەکانتاندا بمێننەوە خۆ دەرمەخەن وەك خۆدەرخستنی سەردەمی نەفامی، نوێژەکانتان بەچاکی بکەن و زەکات بدەن و گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەکەی بکەن.

هەرچییەك پێچەوانە بوو بە فەرمانی خوا، نەفامی و جاهیلییەتە، هەچ فەرمانێك، یان ئارەزویەك، یان هەچ پەیڕەوو پرۆگرامێك پێچەوانەو دژ بێت بە فەرمانی خوا، نەفامی و جەهالەتە، لەبەر ئەوە ئەمرۆ نەزانی و نەفامی لە

کۆمەڵنیوز
www.komalnews.net



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوادا بڵاوبۆتەوە، چونکە لەسەر پەیڕەو و بەرنامەی خوا هەنگاو نانێن.

ئێمە چیمانە لە گەلانێك خاوەنی پەیڕەوی خوایی نین؟!

چیمان داوە لەگەلانێك تاڵیی بیردۆزەکانی دەستی مرۆڤیان چەشتووەو لە تاریکیو جەهالەتی دوور لەبەختەوەرییدا نقوم بوون؟!، چیمان داوە لەکەسانێك بیرو هۆشیان بۆتە شوێنکەوتنو پاشکۆیی ڕۆژئاواو هەمیشە بە چاویلکەی ئەوانە دەڕواننە کێشەو مەسەلە هەنوکەییەکانمان؟ ئێمە خاوەنی پەیامو پەیڕەوی ڕاستو دروستین، کە لە پەروەردگارمانەوە بێزیادو کەم بۆمان هاتووە.

ئێمە سوپاسی خوا دەکەین کە کردوینیە بانگخوازی ئەم ئایینە پیرۆزە، پیویستە حەق و ڕاستییەکان بۆ کوڕانو کچان، ژنانو پیاوان، بۆ هەموو کەس ڕوون بکەینەوە، بەرچاو ڕۆشنییان بکەین، هەموو هەلێك بقۆزینەوە تاکو تەواوەتی و جوانی و دانایی بەرنامەی خوا بۆ ئوممەتی موسڵمانمان ڕوون بکەینەوە.

نابێ بوار بدەین بەوانەی کە لەسەر حسابی داوێن و کەرامەتی کچان و دایکانی موسڵمانان بیردۆزەو بیرۆکەی نەزۆكو پڕ گومان و بێکەڵکی خۆیان بسەپێنن

www.komalnews.net کۆمەڵنیوز



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەسەرماندا، كە دەرەنجامەكەی تەنها فاسیدبوون و گەندەڵ بوونی كۆمەڵگایە و هیچی تر، لەناوچوون و داڕووخانی خێزانە، پەرتەوازەیی و لێكترازانی میللەتە، بڵاوبوونەوەی فاحیشەكاریی و زینا و بەرەڵایی و نەهامەتیە.

لەسەرمانە كە بە تەواوی هەڵسین بە ئەركی بەرپرسیاریەتیمان، بزانین ئەركەكانمان چین، پاشان پاڵپشت بۆ ئەوەش دەست بكەین بە بانگەوازو بە دانایی و قسەو ئامۆژگاریی جوان و بەجێ، هێنانەوەی بەڵگە لەسەریان، ئاشكراكردنی حەق، دەستگیرۆیی كەسانی سەرلێشێواو سەرگەردان بوو، كچ یان كوڕ، پاشان بە گژداچوونەوەی خراپەكاریی و فەساد هەرچەندێ لە توانادا بێ، خۆ ئەگەر دژایەتی خراپەكاریی و هۆكارەكانی فەسادبوونمان نەكرد، ئەوە بە لایەنی كەم با نەیانكڕین و نەبینە هۆكاری پەرەپێدان و بڵاوكردنەوەیان، بانگەوازیان بۆ نەكەین، ئەمەش كەمترین ئەركێكە لەسەر ئافرەت و لاوی موسوڵمان، هەریەك لەوانەی بانگەشەی فەساد دەكەن و مەبەستیان بڵاوكردنەوەی بەرەڵاییە لە كۆمەڵگەدا لە فیلم و گۆڤارو ڕۆژنامەو كتێب و چیرۆك و دیوانی شیعر، پێویستە لە سەرەتاوە دەست بكەین بە



كۆمەڵنیوز www.komalnews.net

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دابـــڕان لێیـــان و نـــەیانکرپن‌و نەبینـــە هۆکـــاری بڵاوبوونـەوەیان، پاشـان زانسـت‌و زانیـاری دروسـت فێـر ببین، پاشانیش ئەوانە بانگ بکەین کە کەوتوونەتە تۆڕی ئەوانەوەو ڕێگەی هیدایەت‌و شەرعی ئیسلامیان بۆ ڕوون بکەینـەوە. بەمشـێوەیە هـەنگاوی کردەیـی دەنـێین بـۆ پاراســتنی خۆمــان‌و خێزانــەکانمان و نــەوەکانمان و ئوممەتەکـەشمان و لـە داوو تـۆڕی پـیلان‌و نەخشـەی ڕووخێنەری ناحەزان دەیانپارێزین (إن شاء الله).

کۆمەڵنیوز
www.komalnews.net



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## پوختەی ئەو سوودانەی لەم بابەتە وەردەگیرێن

١ـ خاچپەرستەکان ـ لە ئەنجامی ئەو جەنگانەیان لەگەڵ موسڵمانان و سەرکەوتنی موسڵمانان بە سەریاندا ـ گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە هۆی سەرکەوتنی موسڵمانان پابەندبوونیانە بە ئایینەکەیانەوە، زاڵبوون بەسەریانداو لەناوبردنیان تەنها بەوە دەبێت کە دووربخرێنەوە لە ئایینەکەیان.

٢ـ مێژووی نوێی موسڵمانان لە بانگەوازەکەی شێخ موحەممەدی کوڕی عەبدولوەهابەوە دەست پێدەکات (ڕەحمەتی خوای لەسەر بێ)، نەك وەك ڕۆژئاوا خوازەکان دەڵێن و دەهۆڵی بۆ دەکوتن کە گوایە لە هەڵمەتی ناپلیۆن بۆ سەر میسرەوە دەستی پێکردووە.

٣ـ خاچپەرستەکان بە تەواوی جەختییان لەسەر خراپبوون و فەسادکردنی ئافرەتی موسڵمان لە میسردا کردبۆوە، چونکە پێگەی سەرۆکایەتی جیهانی ئیسلامیی بوو لە ڕووی هزرو ڕۆشنبیرییەوە، جا ئەگەر توانییان میسر فاسید بکەن و تێکیبدەن ئیتر لەوێوە بۆ سەرجەم وڵاتانی دیکەش ئەتوانن پەل بهاوێژن.

٤ـ زۆرێك لە بیرمەندان لەسەر ئەوە کۆکن چوونە دەرەوەی ئافرەت لە ماڵ و، وازهێنانی لەوەی کە خوا بۆی



کۆمەڵنیوز
www.komalnews.net

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ڕەخساندووە، لەوانەیە کە دەبێتە هۆی تیاچوون و دارمانی ژیارەکان و پووکانەوەو قڕبوونی نەتەوەکان.

٥. قسەکردن لە نەخشەو پیلانی دوژمنان و ئەو پیلان و فرت و فێڵانەی بەردەوام بۆ ئوممەتی ئیسلامی دەنێتەوە، نابێت سەرقاڵ و بێئاگامان بکەن بەوەی کە باوەڕمان پێیەتی لە کۆمەکی و سەرکەوتنی خوا بۆ ئەو ئوممەتە.

(١) Fukuyama, Francis. The Great Disruption: human nature and the reconstruction of social order, The Free Press, New York, 1999. of social order the.

لە نووسێکی د. جعفر شێخ ئیدریس کە لەسەر کتێبەکەی فۆکۆیاما (لێکترازانی گەورە) نووسیویەتی..Free press, New York, 1999.

کۆمەڵنیوز
www.komalnews.net



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com